دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٧

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ● شەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٨ ـ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن


سیاسی

بانگەواز

رۆژی ٢٨ گەلاوێژ رۆژی خۆراگری، بەرگری و یەکیەتیی خەڵکی کوردستان

سیاسی



وتاری هاوڕێ خالید عەزیزی لە رێورەسمی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا

سیاسی



چارەسەرکردنی پرسی کوردو هەوڵێك بۆ یەکگرتوویی خاکی تورکیه

کومەڵایەتی



جینایەتێکی شەرماوی لە دژی مرۆڤایەتی

### دوای ٣٠ ساڵ خوڕاگری

# کوردستان هەروا سەنگەری لەگیران نەهاتووی خەبات بۆ ئازادییه

## ئەزموونێکی نوێ لە هاودەنگی و یەک هەڵوێستی

قادر وریا

لە بەرەبەری ٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵەی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێنج حیزب و رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان، زمان و هەڵوێستی خۆیان کرد بە یەك و هەر پێنجیان، دەقێکیان وەك بانگەوازو راگەیەندراوی رەسمیی خۆیان بە بۆنەی بیرەوەریی ٢٨ی گەلاوێژ، قبووڵ کرد. ئەو پێنج لایەنە بریتی بوون لە: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

پێنج حیزب و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژی ٢٨ی گەلاوێژیان وەك رۆژی خۆڕاگری، بەرگری و یەکیەتیی خەڵکی کوردستان ناودێر کردو داوایان کرد لەو رۆژەدا لە کوردستان و دەرەوەی وڵات رێز لە سێ دەیە خەبات و خۆڕاگری گەلی کورد دژی کۆماری ئیسلامی بگیرێ و بە هەموو شێوەیەکی مومکین ئیعترازو بێزاری بەرامبەر ئەم رێژیمە پیشان بدرێ. ئەو پێنج حیزبە، لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی ئێرانیش داوایان کرد، وەك رێز گرتن لە ٣٠ ساڵ خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی ئەم گەلە لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و مافە رەواکانی خۆیان و هاونیشتمانانیاندا، پشتیوانی لە بانگەوازی ئەوان بکەن.

لەم کورتە نووسینەدا، تەنیا ئاماژە بە دوو لایەنی ئەزموونێکی نوێ لە هاودەنگی و هاوهەڵوێستیی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین:

١. یەکەم جارە پێنج حیزب و رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەریی ٢٨ی گەلاوێژدا دەنگی خۆیان و هەڵوێستی خۆیان دەکەن بە یەك. پێشتریش واهەبووە دوو حیزب، یا چەند حیزب و رێکخراو، راگەیەندراوو بەیاننامەی هاوبەشیان پێکەوە دەرکردوە. بەڵام لە بارەی ٢٨ی گەلاوێژەوە، یەکەم جارە کارێکی لەم چەشنە دەکرێ. دیارە، ئەمەی ئەم جار، نەك بەیاننامەی هاوبەش، بەڵکوو یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی بوو. لە روانگەی حیزبی ئێمەوە، باشتر وابوو لە جیاتی پێنج حیزب و رێکخراو، هەموو حیزب و رێکخراوەکان زمان و هەڵویستی خۆیان کردبا بە یەك و، لە جیاتی ئەوەی هەر لایەنێك، دەقێکی جێی پەسندی چەند حیزب، بە جیا وەك بانگەوازی خۆی رابگەیەنێ، باشتر وابوو دەقێك بڵاو بکەنەوەو ناوی هەر هەمووانی لەگەڵ دابێ. بەڵام ئەم جۆرە رێککەوتنەش بۆ خۆی هەنگاوێکی نوێ بوو. لە داهاتووشدا، دەکرێ وێڕای کارکردن بۆ باشترین شێوەی کۆدەنگی و هاوکاری و کاری هاوبەش، لەم میکانیزمەی ئەم جار بۆ یەکدەنگی و یەك هەڵوێستیی کەڵك وەربگیرێ. گرنگ ئەوەیە، بنبەستەکان تێك بشکێندرێن و رێگایەکی نوێ بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی ئەو لایەنانەی نایانهەوێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، کاری هاوبەش بکەن، بدۆزینەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەولانەشدا دەبێ ئەسڵی مەسەلەکەو ئامانجی سەرەکی کە پێویستیی کۆبوونەوەی هەر هەموو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر چەترێکی هاوکاری و هاوهەنگاوییە، لەبیر نەکەین.

ل ٢



ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کورد، دوای فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی

به دوای بانگەوازی حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ رێز گرتن لە ٣٠ ساڵ خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ دا، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە شێلگیر بوونی خۆیان لەسەر خەبات تا بەدیهێنانی داخوازە رەواکانیان و، بەردەوامی خۆیان لە بەرەنگاری بە دژی ستەم و دەست درێژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، دووپات کردەوە.

لە سیەمین ساڵڕۆژی راگەیاندنی شەڕ دژی گەلی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بە شێوەی جۆراوجۆر رێز لە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و قوربانییەکانی ٣دەیە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گیراو، بێزاریی بەرامبەر بە رێژیمی دژی گەلی و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی پیشان درایەوە.

داخستنی دوکان و بازار، ئاگر کردنەوە لە بەرزاییەکان لە ٢٨ی گەلاوێژدا، چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و، سەردانی بنەماڵەی شەهیدان، نووسین و بڵاو کردنەوەی دروشم و تراکت و بانگەوازی تایبەت بەم یادەو پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە، لەو کردەوە و حەرەکەتانە بوون کە بەم بۆنەیەوە بەڕێوە چوون. ئەوەش لە حاڵێك دابوو کە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە حاڵی ئامادە باشدا بوون و بە خەیاڵی خۆیان هەموو جموجۆڵێکی پێویستیان بۆ چاو ترساندنی خەڵك ئەنجام دابوو.

## وڵامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نامەی پیرۆزبایی حدک



به دوای هەڵبژێرانەوەی بەڕێز مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، دەفتەری سیاسیی حزبی دێمۆکراتی کوردستان نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێزیان نارد . لە وڵامی نامەی پیرۆز بایی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بۆ دەفتەری سیاسی حیزب ناردوە.

دەقی وڵامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەم جۆرەیە :

**بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**برایانی بەڕێز لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان!**

**سڵاو و رێز:**

**بە خۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی نامەکەتانم پێ گەیشت بە بۆنەی هەڵبژاردنەوەم بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان . سوپاستان دەکەم و لە خودای گەورە داواکارم پشت و پەنام بێت لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی کە پێم سپێردراوە .**

**هەر شاد و سەرفیراز بن**

**مەسعوود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٩ی ئاگوستی ٢٠٠٩ی زائینی**

## میر حوسێنی مووسەوی، پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی کەڕووبی دەکا



لە نامەیەك دا بۆ کەڕووبی، میر حوسێن مووسەوی، براوەی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی جۆزەردان بۆ پۆستی سەرکۆماری کە کودیتای لێ کرا، پشتیوانیی لە هەڵوێستی ناوبراو لە بارەی لە قاودانی دەستدرێژییەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی کودیتا بۆ سەر گیراوە سیاسییەکان کرد.

مووسەوی لە نامەی رۆژی ٢٧ی گەلاوێژی خۆی دا بۆ کەڕووبی نووسیویە: ئەوانە باسی دڵدانەوەی زیان لێکەوتووان دەکەن. بەڕاستی ئەم برینانە چۆن ساڕێژ دەکرێنەوە کاتێك کە راستیی رووداوەکە حاشایان لێ دەکرێ و، زۆرلێکراوان هەڕەشەیان لێ دەکری کە دەبێ بێدەنگ بن و واز لە دادخوازی بێنن؟ دڵدانەوە نەك بە پووڵ و ستەم، بەڵکوو بە پێڕاگەیشتنی خێرا، راشکاوانەو ورد بە دادخوازییەکانی ئەوان و بنەماڵەکانیان دەکرێ.

مووسەوی هەروەها نووسیویە: ئەمن بە نۆرەی خۆم سوپاسی ئازایەتی و هەڵوێستی ئێوە دەکەم و هیوادارم هەوڵەکانت بە هاودەنگیی کۆڵەکەکانی دیکەی رۆحانییەت، بەهێز بکرێ.

## داوا دەکرێ کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤی UNسەردانی ئێران بکا

فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێران دا، دوای ئەوەی لە نامەیەك دا داوایان لە بان کی مۆن کرد، هەیئەتێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتن و ئەشکەنجەی گیراوەکانی دوای کودیتای مانگی جۆزەردان رەوانەی ئێران بکا، رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ، نامەیەکی سەر ئاواڵایان بڵاو کردەوە.

لە نامەی ٢٠ی ئووت دا، ئەم رێکخراوانە داوایان لە خاتوو "ناوانە تم پیلای" کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە، بۆ خۆی راستەوخۆ، ئەرکی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بگرێتە ئەستۆو هەرچی زووتر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئێران بکا.

## بەرێوەچوونی رێورەسمی ٢٥ ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب





دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ٢٥ی گەلاوێژ بە بۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژ، شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان رێوڕەسمێکی بە شکۆی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو رێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵێک لە میوانان و نوێنەرانی رێکخراوو ودەزگا حکوومەتییەکانی کوردستانی باشوور و زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەکانی پێشمەرگەکانی حیزب نیشتەجێ لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرز راگیرا.

ئەو رێوڕەسمە بەشکۆیە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەم بۆنەوە وتارێکی پێشکێشی ئامادەبووانی رێوڕەسمەکە کرد. دەقی ئەم وتارە لە لاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەیەی کوردستان دا چاپ کراوە.

پاشان بەپێشکەشکردنی کۆمەڵێک سروود و گۆرانی و پەخشان و فیلم بەبۆنەی ئەم رۆژەوە، رێز لەم رۆژە گیرا.

رێوڕەسمەکە بە هەڵپەرکێ و بەزمی خۆشی و شادی دەربڕینی بەشداران کۆتایی هات.

دریژەی:

# ئەزموونێکی نوێ لە هاودەنگی و یەك هەڵوێستی

٢- ئەگەرچی پێنج حیزب و رێکخراوی ناوبراو، شێوازو حەرەکەتێکی دیاریکراوو تایبەتییان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە کۆماری ئیسلامی و رێزگرتن لە ٣٠ساڵەی خۆراگری و قوربانیدان لە کوردستان، داوا نەکردبوو و مەبەستەکەی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی هێنابووە گۆڕێ، بەڵام بیرەوەریی شەڕی کوردستان هەم لە لایەن راگەیەنە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، زیاتر لە ساڵان بایەخی پێ درا، هەم لایەنگرانی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەو ژوورەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە گشتی، پتر لە ساڵانی رابردوو، گرنگیان بە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دا. جگە لەو کارە تەبلیغاتییانەی لەم پێوەندییەدا بەرێوە چوون، لە هێندێك شارەکان شایەدی نەچوونە سەرکار تەعتیلیی هێندێك لە دووکانەکان و سەردان بۆ سەر گڵکۆی شەهیدەکان و بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان لە لایەن دڵسۆزان و ئۆگرانی جووڵانەوەی کوردستان بووین.

هاوەنگی و یەك هەڵوێستیی پێنج حیزب و رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەم کەموکورپیانەشەوە، لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی کوردستان بەرەورووبوو. دیارە ئەگەر ئەو پێنج لایەنە زووتر لە سەر ئەم هەنگاوەیان ساغ ببانەوە، بێگومان ژمارەیەکی زیاتر لە رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانیان پێوە پەیوەست دەبوو. ئەگەر لە جیاتی داوایەکی گشتی، حەرەکەتێکی دیاریکراوو هەڵوێستێکی تایبەتیشیان لە خەڵك داوا کردبا، یەکدەنگییەکەیان، کاریگەری و ئاکامێکی روونتر و هەست پێکراوتری دەبوو.

ئەم هەنگاوەی ئەمساڵ دەری خست کە هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆدەنگی و هاوکاری لە نێوان حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات، ئەگەرچی بە درەنگەوەو کەم کەم، بەڵام بێ دەسکەوت نابێ. هەر بۆیە لەمەو دواش لە هەنگاونان بۆ ئەم مەبستە، دەبێ غافڵ نەبین. لە راستییشدا، ئەگەر زیان و خەسارەکانی پرژو بڵاویی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان و، کاریگەری و دەسکەوتەکانی تەبایی و هاوکاری و لێك نزیکیی ئەو حیزبانە لە سەر دوارۆژی جووڵانەوە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکەمان لە بەرچاو بێ، ناتوانین لە کارکردن بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە، شل بینەوە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە بریتانیا

بۆ کۆمیتەکانی لیدز، شەفیلد و مانچستێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی یەک شەممە ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ لە شاری لیدز ڕێوڕەسمێکی بەشکۆیان بە بۆنەی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی حیزب پێک هێنا کە لەو دا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە شارە جۆراو جۆرەکانی بریتانیا و بنە ماڵەکانیان، نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان و ژمارەیەک لە خەڵکی بریتانی ئامادەی بوون. ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی ئەی ڕەقیب لە لایەن تیپی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد و دوای ئەوە بەشداران بە دەقیقیەک بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدانی ڕێگای کورد و کوردستان بە سەر پێوە وەستان. کاک حوسێن محەممەد پور بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد.



پاشان کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا دوای بەخێر هاتنی میوانانی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، یادێکی لە شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو، شەهیدی فەرماندە هەمزە سارتکەیی، شەهیدان قادر نەزمی و قادر قادری کردەوە.

پاشان داوای لە تێکۆشەری دێرین کاک هاشمی کەریمی کرد کە بەو بۆنەیەوە چەند وتەیەک پێشکەش بکات. کاک هاشم ئاوڕێکی لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دایەوە و ڕوداوەکانی ئەو سەردەمی کە لە ئێران ڕوویان دا وەبیر ئامادەبوان هێنایەوە و یادێکی لە کۆمار و دەسکەوتەکانی و نەقشی حیزب لەو سەردەمە دا و درندەیی ڕێژیمی پاشایەتی کرد. پاشان باسی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧، کرد و بە شانازی بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دایە قەڵەم.

کاک زۆر باس و بابەتی گرینگ و بە نرخ و هەندێ بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی باس کرد، کە دەکرێ تێکۆشەرانی ئێستای خەبات دەرس و ئەزمونی لێ وەرگرن.

پاشان کاک ڕزگار قادرزادە ئەندامی کۆمیتەی بریتانیا کورتەیەکی لە مێژووی حیزب بە زمانی ئینگلیسی بۆ ئەو میوانانە باس کرد.

بە دوای ئەو دا ئەو حیزب و لایەنانە پەیامی پیرۆزباییان پێشکەش کرد: پارتی دێموکراتی کوردستان ، یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی بریتانیا، لیستی گۆڕان ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)، کۆمەڵەی کوردی شاری لیدز، بزاڤی ڕوناکبیریی کورد، سازمانی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی، لەگەڵ هەندێ بروسکەی دیکە کە بۆ ئەو مڕاسمە نێردرابوون

پاشان شاعیری هەست ناسک خاتوو گەشاو پارچە شێعرێکی پێشکەش کرد و بە دوای ئەویش دا هەڤاڵ ماردین شێعرێکی بە هەستی خوێندەوە.

کۆتایی ڕێو ڕەسمەکە، شایی و هەڵپەڕکێی کیژو کوڕانی لاو بوو، کە کاک سەباح ڕەواندزی بە دەنگی بە سۆز و کاک حەمە جاف بە ئامێری کۆرگ شادیەکی تایبەتیان دابوو بە کۆڕی هەڵپەرکێ.

ئەو ریورەسمە لە کاتژمێر ٢:٣٠ دوا نیوەڕۆ تا ٧:٣٠ ئێوارە درێژەی کێشا و بوو بە مایەی خۆشحاڵی بەشداران.

# داواکاریی ئێران بۆ ڕادەست کردنەوەی ئەندامانی موجاهیدن خەلق

مەنووچێهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە دانیشتنێک لە گەڵ سەفیری عیراق لە ئێران و سەر کۆنسوڵەکانی عیراق لە کرماشان و مەشهەد دا داوای رادەست کردنەوەی ئەندامانی موجاهیدنی خەلق ئێرانی لە دەوڵەتی عێراق کرد.

هەواڵدەریی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران لە زمانی هەواڵدەریی فارسەوە رایگەیاند کە دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە٢٧ ی گەلاوێژ باڵوێزی عیراق لە گەڵ سەر کۆنسوڵی ئەو وڵاتە لە شارەکانی کرماشان و مەشهەد "رەوانامە"ی خۆیان پێشکەشی وەزیری دەرەوەی ئێران کردوە. لەو ریورەسمەدا موتەکی وێڕای ئاماژە بە چوونە سەری پێوەندیی نێوان عیراق و ئێران وتی: بوونی کەمپی ئەشرەف لە عیڕاق دا شیاوی پێوەندیی باشی نێوان ئەم دوو وڵاتە نییە و حکوومەتی تاران خوازیاری رادەستکردنەوەی ئەو بەشە لە ئەندامانی موجاهیدنی خەڵقە کە بە قەولی ناوبراو دەستیان لە کردەوەی تیرۆریستی دا هەبووە و پێویستە لە دادگادا محاکەمە بکرێن.



شایانی باسە کە هێزە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی عیراق بەری ٢٠ رۆژ لەوە پێش هەڵیان کوتایە سەر کەمپی ئەشرەف و بە زەبری چەک و بە توند و تیژیی زۆرەوە دەستیان بەسەر ئەو کەمپەدا داگرت.

# دەستبەسەرکردنی حەوت ئەندامی پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک DTP

رۆژی سێشەممە، ٢٧ی گەلاوێژ حەوت ئەندامی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک ناسراو بە دەتەپە بە بیانووی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نایاسایی و بانگەشەکردن بۆ (پ ک ک) دەستبەسەر کران.

ئەو حەوت ئەندامەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک لە شارۆچکەی نوسەیبینی سەر بە پارێزگای مێردین، قۆڵبەست کراون و دەگوترێ بەرپرسی لقی پارتەکەش لە نێوان دەستگیرکراوەکاندایە.

بە پێی هەواڵەکانی راگەیەنە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە دوای خۆپیشاندانێک لە چەند رۆژی رابردوودا، ئەو حەوت کەسە لە لایەن دادگای شاری نوسەیبین بە تۆمەتی سەرپێچیکردن لە یاسای خۆپیشاندان و پڕوپاگەندە کردن بۆ (پ ک ک) دەستبەسەر و دواتر رەوانەی زیندان کران.

شایانی باسە دەستبەسەرکردنی ئەو حەوت ئەندامەی پارتی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک لە حاڵێکدایە کە لە یەک مانگی رابردوودا بەرپرسانی پایەبەرزی حکوومەتی تورکیە یەک لەوان ئۆردوغان و عەبدوڵڵا گویل بە وتەی خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتە دەدەن و چەند جاریش لەگەڵ ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی دێمۆکراتیک و ئەو حیزبەی کە ئەو حەوت کەسە تێیدا ئەندامن و رۆژی رابردوو گیراون ، دانیشتنیان بووە و لەسەر چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیەدا وتووێژیان کردوە .

# چالاکیی تەبلیغی لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ و ٢٨ی گەلاوێژ

شەڕی کوردستان چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شارەکانی سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، بۆکان، سەقز، بانە، مەریوان، سنە و دێهاتەکانی دەوروبەریان، ئەندامانی سەر بە رێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکرات کوردستان بە بڵاو کردنەوەی تراکت و وێنەی شەهیدان و CD ی تەبلیغیی و نووسینی دروشمی شۆڕشگێرانە، یادی ٢٥ی گەلاوێژ شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کوردستانیان بەرز راگرت و رێزیان لە ٣٠ ساڵ خۆراگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی گرت.


سلاو لە شەهیدان و قوربانییەکانی ٣٠ ساڵ بەردەنگار بوونەوەی شەری داسەپاو لە کوردستان.
٢٨ی گەلاوێژ روژی کولنەدان و تەسلیم نەبوون، روژی خۆراگری و هاوپێوندیی خەلکی کوردستان دژ بە لەشکرکێشی و شەری داسەپاوی کوماری ئیسلامییە
لە سییەمین سالروژی راگەیەندرانی شەر دژی گەلی کورددا خەلکی کوردستان بەردەوامی و شێلگیر بوونی خویان لە سەر خەبات دژی کوماری ئیسلامی، دووپات دەکەنەوە .
٢٨ی گەلاوێژ، دەرفەتێک بو نیشاندانەوەی بێزاری خەلکی کوردستان لە رێژیمی دیکتاتوری کوماری ئیسلامی
لە ٣٠ ساڵەی شەری کوردستان دا،
سلاو لە پێشمەرگە،
تێک شکێنەری لەشکری داگیرکەری کوماری ئیسلامی

ئەندامانی سەر بە رێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکرات کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کوردستان و ٢٨ی گەلاوێژ ٣٠ ساڵەی

# بەردەوامی دزی و تاڵان و بردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

هەڵدانەوەی نایاسایی تەپۆڵکەی مێژوویی "سەردەشت" لە نزیک شاری سەقز دا بەردەوامە و کاربەدەستانی رێژیم هیچ رێ و شوێنێک بۆ پێشگرتن لەو بە تاڵانبردنە رەچاو ناکەن.

بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ کاربەدەستانی رێژیم بۆ خوشیان بە شێویەکی بەربڵاو لەو تاڵانانەدا دەستیان هەیە. بە گوێرەی زانیارییەکان تەپۆڵکەی مێژوویی سەردەشت کە لە نزیک گوندی کیسەڵان هەڵکەوتوە، مێژووەکەی بۆ هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەو شوێنە سەرەڕای ئەوەی لە لیستی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێراندا تومار کراوە، بەڵام تا ئێستاش هیچ رێوشوێنیک بۆ پاراستنی رەچاو نەکراوە.



شایانی باسە پسپۆرانی ئارکۆلوژی لەو باوەڕەدان کە ئەو تەپۆڵکەیە لە جۆری قەڵاکانی دەوروبەری زیویەیە.

# یادی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی فتوای خومەینی لە دژی گەلی کورد لە شاری لەندەن

رۆژی شەممە ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٩ کوردانی دڵسۆزی کوردستان لە شاری لەندەن بۆ یاد کردنەوەی رۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی فتوای خومەینی لە دژی گەلی کورد، رێو رەسمێکی بەرینیان لەو شارە دا پێک هێنا کە تێیدا دا ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنە سیاسیە ئێرانی و کوردستانییەکان و چەندین شەخسیەتی ئەدەبی و سیاسی و رۆشنبیریی کورد و ئێرانی بۆ پێشکەش کردنی پەیام و بابەتی تایبەتی ئەو رۆژە بانگهێشت کرابوون. لە وانە: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پرۆژەی ژنی کورد، حزب مردم خلق بلوچ و چەندین





شەخسیەتی وەکوو کاک هاشم کەریمی، دکتۆر سەعید شەمس، دکتۆر ئیسماعیل خۆیی،دکتۆر عەلیرەزا نوریزادە و چەندین لایەن و شەخسیەتی دیکە تێی دا بەشدار بوون و لەو رێو رەسمە دا پەیام و وتار و بیرەوەری و بابەتگەلی تایبەت بەو رۆژەیان خوێندەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشداریی جالاکانەی لەو رێو رەسمە دا کرد.

## بانگەواز

# با ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژ وەك ڕۆژی خۆراگری، بەرگری و یەکیەتیی خەڵکی کوردستان ، ڕێزی لێ بگیرێ

٣٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژدا، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران، بە فتوای خومەینی، هێرشێکی نیزامیی هەمەلایەنەی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی ناڕەوای بە دژی خەڵکی مافخوازی کوردستان، ڕاگەیاند. هاوکات لەگەڵ هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی ٥٧، بە تایبەتی هێرش بۆ سەر چاپەمەنییەکان لە تاران و بەشەکانی دیکەی ئێرانی، دەست پێ کرد. گەلی کورد کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی تازەوە خوازیاری چارەسەری سیاسی و هێمنانە بوو، هەموو هەولی خۆی خستبووە گەر تا لە ڕێگای دیالۆگ و خەباتی مەدەنی و سیاسییەوە بەرگری لە مافەکانی بکا، بە ڕاگەیاندنی ئەم فتوایە، کەوتە سەر دوو ڕێیانێکی سەخت و بڕیارێکی مێژوویی: تەسلیم بوون یان خۆراگری لە بەرانبەر شەڕێکی داسەپاو و نەخوازراوو نابەرابەردا؟

خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو ناتەیاری و نائامادەییەکەوە، یەکدەنگ و یەکپارچە، بڕیاری داکۆکی لە مافی نەتەوەیی و هەقی ئینسانیی خۆیان هەڵ بژارد. بەمجۆرە و بەم بڕیارە، ویست و ئیرادەی مێژوویی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری، حەماسەیەکی ئەوتۆی خوڵقاند و یەکیەتییەکی سەرانسەریی ئەوتۆی هێنایە سەر شانۆی سیاسیی کوردستان کە سی ساڵ سەرکوت، قەڵاچۆکردن، کوشتوبڕ و تاڵان و بڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەك هەر نەیتوانیوە ئیرادەی ئەم گەلە تێك بشکێنێ، بەڵکوو شانازی، غوروور و سەربەرزیی بەو گەلە بەخشیوە و، ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژی کردۆتە ڕۆژێکی نەتەوەیی و مێژوویی لە خۆراگری و بەرگریدا.

ئێستا دوای سێ دەیە پەلامار و هێرشی نیزامی، ئیعدامی بەکۆمەڵی تێکۆشەران و لاوانی ئەم گەلە، قەتڵی عام و کاولکردنی دیهاتی کوردستان، کردنی شەقام و کۆڵانی شارەکان بە پادگانی هێزی داگیرکەر و تۆپباران و بۆمبارانی شوێنی ژیان ومووچە ومەزرای خەڵك ، کوشتار و تیرۆری چالاکوانان و ڕێبەرانی سیاسی، درێژکردنی دەستی تاوان و شەڕ و جینایەت بۆ هەموو شارو لادێ و تەنانەت بۆ ماڵانی خەڵکی کوردستان، بووە بە سیاسەتی بەردەوامی ئەم ڕێژیمە. بەڵام ئەمڕۆ گەلی کورد پشت ئەستوور بە ئەزموونی ٣٠ ساڵ خەبات و بەرەنگاری، وشیارتر لە ڕابردوو، خەباتەکەی بە شێوازی جۆراوجۆر لە پانتایی کوردستاندا پەرە پێداوە و، هاوسۆزیی زیاتری گەلانی ئێران و جیهانی بۆلای خۆی ، ڕاکێشاوە. کۆماری ئیسلامییش دژایەتیی زۆرتری خەڵکی ئێران و تەریك کەوتەیی بێوێنەی جیهانی و ئاڵۆزی و ناکۆکیی ناوخۆیی بووەتە نەسیبی.

پاش تێپەر بوونی سی ساڵ بە سەر ئەم ڕۆژە مێژووییەدا، جێگەی خۆیەتی کە هەموو تێکۆشەرانی کوردستان، هەم بۆ ئاشناکردنینەسلە نوێیەکان بەم هەڵوێستە نەتەوەییەی ئەوکات، و هەم بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی لە نێو ڕیزەکان و سەنگەرەکانی خەبات و بەرخۆدانی کۆڵنەدەرانەی خەڵکی کوردستان دا، ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی خۆراگری، بەرگری و یەکیەتیی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بناسێنن . پێویستە وێڕای ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان و ڕۆڵی پێشڕەوانەیان لەخەبات بە دژیڕێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی ئێران دا، هاوخەباتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرانسەری لە هەلومەرجی ئێستا دا کە خەڵکی ڕاپەریو لە ستەم و دیکتا تۆری وبی مافی هاتوونە سەرشەقامەکان و بە شێوەیەکی دڕندانە سەکوت دەکرێن، پێشان بدەنەوە . خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا پێویستە بە هێز و وزەیەکی تازەوە بەرەوڕووی دێکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بێتەوەو لەم هەلومەرجەی بە زیانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازی پێك هاتوە، بۆ ناساندن و چەسپاندنی زیاتری ویست و داخوازەکانی گەلی کورد لە ئاستی ئێران و جیهاندا کەڵك وەربگرێ.

لە سیهەمین ساڵوەگەڕی ٢٨ گەلاوێژ و شەڕی داسەپاو و بەرگریی جەماوەریی خەڵکی کوردستاندا :

بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان و قوربانیانی ٣٠ ساڵ بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەیەکی ستەملێکراو، بۆ دەربڕینی بێزاری لە شەری داسەپاو و کردەوەی دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی، بۆ پێداگری لەسەر ویستی ئازادی، دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ بۆ هەموو هاونیشتمانان، بۆ ڕێزگرتن لە یەکیەتی و خۆراگریی خەڵکی کوردستان و بۆ دەربرینی هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی هەموو خەڵکی ئێران و پشتیوانی لە داخوازەکانی بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازی و دژە دیکتاتۆریی ئێستا، ڕادەگەیەنین و داوا دەکەین کە:

— ڕۆژی ٢٨ گەلاوێژ بکرێتە ڕۆژی خۆراگری، بەرگری و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان.

ـ لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی شار و دێهاتی کوردستان وکوردانی دەرەوەی وڵات، ڕێز لە ٣ دەیە خەبات و خۆراگریی گەلی کورد دژی کۆماری ئیسلامی بگرن و ئیعتیراز و بێزاریی خۆیان لەم ڕێژیمە بە هەر شێوەیەك کە دەتوانن دەرببڕن.

لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی ئێرانیش داوا دەکەین بۆ ڕێزگرتن لە ٣٠ ساڵ خەبات و خوڕاگریی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی ئەم گەلە لە پێناوی ئازادی و دێموکراسی و مافە ڕەواکانی خۆیان و هاونیشتمانانیاندا، پشتیوانی لەم بانگەوازە بکەن.

بژی ئازادی و دێمۆکراسی، مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوتووبێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و هاوپێوەندی و هاوخەباتیی گەلیکورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٤ی گەلاویژی ١٣٨٨**
**١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**

---

دوکتور هێمن سەیدی:

# شەڕی کوردستان، کێشەی لە بەرانبەر یەکتر وەستانی دوو جیهانی دژبە یەك بوو

**٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بەسەر ڕاگەیەندرانی شەڕ دژی گەلی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕادەبرێ. بۆ تاوتوێکردنی هێندێک لایەنی شەرری داسەپاو لە کوردستان، "کوردستان" ئەم وتووێژەی لەگەڵ دوکتور هێمن سەیدی تێکۆشەری سیاسی و شارەزای ڕووداوەکانی کوردستان پێک هێناوە:**



**پ: لە کاتێکدا کە هێشتا چەند مانگێك لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تێپەڕ نەببوو، لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان دەکرێ، ئێوە هۆکاری ئەم لەشکرکێشییە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ ئایا لەو چەند مانگە ڕێگەکانی دیکە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد تاقی کرابوونەوە، تا بڵێین مەسەلەکە بە بن بەست گەیشتبوو؟**

و: لە حالێکدا کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پلانی سیاسی هەبوو چۆن دەیتوانی لە نێو سنوورەکانی ئێراندا سیستمێکی جیاواز قبووڵ بکا؟! ئەو دەسەڵاتەی لە کوردستان هەبوو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگییش لەگەڵ تاران جیاواز بوو. هێندێ جار جیاوازییەکان بەرەو دژایەتییش دەڕۆیشت. لە کوردستان پلۆرالیزمی سیاسی هەبوو، ئازادیی تاکەکەسەکان بەرچاو بوو، بیرۆکەی چەپ و دێموکراتی و سێکولار، هێژمۆنی بەسەر بیرۆکەی ئایینی و دینی دا هەبوو. بەڵام هاوکات لە تاران بناغەکانی ئیمپراتورییەکی ئیسلامی دادەمەزرا. فۆرمێکی تازە لە دەسەڵات کە دەیهەویست ئیسلامی شیعی بکاتە پێوەری سیستمی سیاسی و هەروەها دەیهەویست ئەو سیستمە جگەلە ئێران، لە وڵاتانی ناوچەو باقی جیهانی ئیسلام و ئەگەر کرابا، لە سەرانسەری جیهان بەڕێوەبەرێ. کەواتە ئەو دژایەتییە "گریزناپذیر" یا بێ دەربازگە بوو.

ئەحزابی کوردی و هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد هەوڵی زۆری دا کە ڕێگەچارە بدۆزێتەوە. تەواوی پرەنسیپەکان دیپلۆماسی لەبەر چاو دەگیرا. دەیانزانی کە نابێ دەمارگرژانە لەسەر تەواوی ویستەکانی پێداگری بکەن. دەیانزانی دەبێ لە سیاسەت دا هەلومەرجی لایەنی بەرانبەریش لەبەرچاو بگیرێ. هەر بۆیە لە ڕۆژی یەکەم تا کۆتایی وتووێژەکان لە دەیان ویستی خۆیان وازیان هێنا. لە ٢٦ مادەی داوا کراو هاتنە سەر ٦ یا ٧ مادە، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە نەیتوانی کەلێنێك بخاتە نێو ئیرادەی شەڕخوازانی دەسەڵاتی تازەی تاران.

**پ: ئەگەر باس لە بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان بکەین، زۆر کەس و بەتایبەت ڕێبەرانی هەردوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە باس لەوە دەکەن کە هێزە سیاسییەکان سەرەڕای ناکۆکی و جیاوازییەکانیان هاوهەڵوێستانە بەرەنگاری ئەو هێرشە بوونەوە، هەر بۆیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییان ناچار کردوە کە پاش ٣ مانگ پەیامی ئاشتی بدا بۆ خەڵکی کورد. ئێوە تا چەند ئەو بۆچوونە بە واقیعبیانە هەڵدەسەنگێنن؟**

و: ڕاستە، هەم ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە لێکدانەوەکانی سەبارەت بە هێزو توانایی ئەوکاتی خۆی بە هەڵەدا چووبوو، هەم هێزە کوردییەکان سەرەڕای پرۆگرام و بۆچوونی جیاوازی سیاسی، یەك هەڵوێست و یەکدەست لە بەرانبەر هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەندی دا ڕاوەستان. جێی ئاماژەیە کە ئەوکات هاوکاریی جەماوەریش لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان لەو پەڕی خۆی دابوو. خەڵکی کوردستان لە نیزیکەوە ئاگاداری هەوڵەکانی نوێنەرەکانیان بۆ پشتگیری لەشەڕ بوون و هەستیان کردبوو کە ئەو هێرشە تەنیا بۆ سەریەك یا دوو هێزی سیاسی نیە بەڵکوو نووکی تیژی پەلامارەکە رووی لە ئیرادەی تەواوی خەڵکی ئازادیخوازە بۆیە دەکرێ بڵێین سوپای داگیرکەر تووشی دیوارێکی ئینسانی بووو هەموو محاسبەکانی بە هەڵە دەرچوو.

**پ ـ دەبینین کە پاش ماوەیەکی کورت دوای پەیامی ئاشتیی خومەینی و وتووێژەکانی نێوان هەیئەتی خەڵکی کوردو دەوڵەتی کاتی، شەڕ لە ئاستێکی بەربڵاوتردا دەست پێ دەکاتەوە بەربەستەکانی سەرڕێگەی سەرنەگرتنی وتووێژەکان چی بوون و بۆچی وا بە زوویی قۆناغی وتووێژ کۆتایی پێ دێ؟**

و: هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکردبوو، کێشەی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ فەزای سیاسیی ئەوکاتی کوردستان زۆر قووڵ بوو، لە ئاست جیاوازی سەلیقەو بیروبۆچووندا نەبوو کە دوای ماوەیەك ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە. کێشەکە لە بەرانبەر یەکتر وەستانی دوو جیهانی دژبە یەك بوو. ڕێژیمی ئیسلامی دوای ٣ مانگ شەڕ بیروبۆچوونی نەگۆڕابوو، تەنیا محاسبەکانی سەبارەت بە توانای بەرگریی کوردستان گۆڕابوو. ئاکامەکانی شەڕی ٣ مانگە نەیدەتوانی ئەو پرۆژانەی کە دەسەڵاتی تازەی ئێران لانی کەم بۆ ١ میلیارد موسڵمانی جیهان هەیبوو هەڵ بوەشێنێتەوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بەبێ هیچ باوەڕێك بە وتووێژ، پەیامی ئاشتیی بۆ خەڵکی کوردستان نارد. ئەو پەیامەی بە مەبەستی پشوودان و کات وەدەست هێنان بۆ کۆکردنەوەی هێزی زیاتر ناردبوو. هەربۆیە دەوری دوویەمی وتووێژەکانیش بەبێ هیچ ئاکامێك کۆتایی پێهات.

**پ: بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ کۆماری ئیسلامی بۆ پتەو کردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی و وەدەرنانی هەموو نەیارەکانی پێویستی بە هەموو ئەو شەڕانە هەبوو کە کردی. ئێوە لەو بارەیەوە چ دەڵێن؟**

و: ڕاستە، نەتەنیا سەبارەت بە شەڕی کوردستان، ئەو گومانە بە نیسبەت شەڕی عێراقیشەوە هەیە. کۆماری ئیسلامی پێویستی بە ڕاگرتنی خەڵك لە مەیدان دا هەبوو. دەیزانی هەلومەرجی شەڕ دەتوانێ بۆ چەندین ساڵ بیانوویەك بێ تا بەناوی "هەلومەرجی تایبەت" ئازادییەکان و مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیان پێشێل بکاو حیزب و ڕێکخراوەکان سەرکوت بکاو ئەوەندە یاساو دەستوورانەش کە لە یاسای بنەڕەتی دا بە کەم و کووڕیی زۆرەوە باسی لە مافی ئازادیی تاکەکان و ئازادیی چالاکیی سیاسی و ڕێزگرتن لە کەمینەکان و ... کراوە، وەپشت گوێ بخرێ.

پێویستە بگوترێ ئەو هەلومەرجە دژوارە تەواوی فەزای سیاسیی ئێرانی گرتبوو. بەڵام قورسایی ئەو فەزایە لە کوردستان زیاتریش بوو. موحسین ڕەزایی فەرماندەی ئەو کاتی سوپای پاسداران دانی بەو ڕاستییە دانا کە ئەوکات زۆربەی کارگێران و فەرماندارانی ئێران بەتایبەتی کوردستان لە بەرپرسانی سوپای پاسداران هەڵدەبژێردران. دەکرێ بڵێین بە بیانووی شەڕ چ شەڕی عێراق و چ شەڕی کوردستان بە چەشنێك حکوومەتی نیزامی لە ئێران بەڕێوەدەچوو.

**پ: بۆچی کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی دواتر بەتایبەت کە دەبینین شەڕێکی قورس لەگەڵ عێراق دەست پێکراوە، ئامادە نەبوو دیسان لەگەڵ کورد بکەوێتە وتووێژەوە؟ ئەمە لە کاتێك دایە کە ڕێژیمی بەعس لە حالێك دا کە بە یەکێك لە گەورەترین هێزەکانی ناوچەکە دەناسرا، بۆ کەم کردنەوەی فشارەکان ئامادە بوو، ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد وتووێژ بکاو هێندێك ئیمتیاز بدا؟ ئایا کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە بەهێزتر بوو کە شەڕی کوردستان بۆ ئەو ئەوەندە سەخت و زەحمەت نەبێ؟**

ل ـ ٥

# وتاری وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزب هاوڕێ خالید عەزیزی

# لە ڕێورەسمی ٦٤ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا

خوشك وبرایانی بەڕێز!
هاوڕێیانی بەڕێز!

پڕ بە دل بە خێراتنتان دەکەم بۆ ڕێورەسمی بیرەوەریی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێك کە ٦٤ سال پێش ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو کۆمەلانی خەلکی کوردستان، بە بەشداریی هەموو چین وتوێژەکانی کوردستان وەك پرۆژەی رزگاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و ئێران و هەروەها دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیك لە دایك بوو ولە ماوەیەکی زۆر کورت توانی وەك حیزبێکی مۆدێرن بۆ قۆناغی ئەو دەمی بەتاڵایی پێك هاتوو لەئێران دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بقۆزێتەوە و ئەو ئیفتخارەی بە نسیب بێ کە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و ڕێبەریی حیزب و ڕێبەرانی حیزب ببن بە کابینەی ئیدارەی حکوومەتی کۆماری کوردستان.

هەروەها جێی خۆیەتی لێرەوە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ لە سەرجەم کۆمەلانی خەلك لە کوردستانی ئێران کە بە درێژایی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی خۆش و ناخۆش، بەشداری ژیانی سیاسیی ئەو حیزبە بوون و باری قورسی ئیدامەی ژیانی سیاسیی حیزب و حاوانەوەی حیزب و ئەوە کە حیزبی دێموکرات سەرەڕای کۆمەلێك گیر و گرفت بە درێژایی تەمەنی ٦٤ ساڵەی خۆی بتوانێ لە مەیدان دا بمێنێ، ئەوان وەستۆی خۆیان گرتوە.

هەروەها جێی خۆیەتی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەم کە یەکەم، ئەو بەشەی کە لە نێوخۆی وڵات کە شوێنی ئەسلیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکوشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە تەواوی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵیان داوە کە سەرەڕای وەزعێکی ناخۆش و نالەبار تێ بکۆشن لە پێناوی پرۆژەکان و جێ بە جێ بوونی پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتدا لە دژی حکوومەتە مەرکەزییە یەك لە دوای یەکەکان خەبات بکەن. هەروەها پیرۆزبایی لەو بەشە لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم کە لە کۆمیسیۆن و ئۆرگانەکان و موئەسسات و کەمپەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزب لە باشووری کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر فەعالییەت و چالاکییان هەیە و بە کاری ڕۆژانەو فەعالییەتی خۆیان پاڵپشتی جووڵانەوەی ڕاستەقینەی کادر و ئەندامان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکن لە نێوخۆی وڵات. هەروەها جێی خۆیەتی پیرۆزبایی لەو بەشە لە ئەندامان و کادرەکانی حیزب بکرێ کە لە دوورە وڵاتی بە فەعالییەتی تەبلیغاتی و سیاسی و دیپلۆماسیی



خۆیان لە ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدەن سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ ویست و داخوازیەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ڕابگەیەنن و لە پێناوی پرۆژە و بەرنامەکانی حیزبی دیموکراتدا مەوزووعی کوردستانی ئێران بە دنیای دەرەوە ڕابکێشن.

هاورێیانی خۆشەویست! ٦٤ ساڵ لە تەمەنی ئینسانێكدا دوور و درێژە، زۆرە، بەڵام لە تەمەنی حیزبێك دا ماوەیەکی کەمە و لە تەمەنی نەتەوەیەکیش دا ماوەیەکی کورت تر. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی تەمەنی ٦٤ ساڵەی خۆیدا بەتەبیعەتی ئەوەی کە حیزبێکی جەماوەری بووە، لە سەردەمی جۆراوجۆردا ئەرکی ئیدارەی وڵاتی بە دەستەوە بووە حیزبیك بووە، لە دەورانی جۆراوجۆردا لە پێناوی جێ بە جێ کردنی داواکانی نەتەوەی کورد حەوڵی داوە، بە شێوەی جۆراوجۆر لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە وتووێژ و کێشە دابووە، حیزبێك بووەکە لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە، تەبیعەتەن هەورازو نشێویشی بووە ئێمە لە بارەی فەعالییەتی ڕابردووی خۆمان لەو باوەڕە داین کە مادام حیزبێك بە نفووزی جەماوەری فەعالییەت و چالاکیی هەیە، مادام کە حیزبێك بە نفووزی جەماوەری دەیهەوێ بەرنامەیەکی گەورەو ڕێك و پێك جێبەجێ بکا، تەبیعییە ئەو ڕابردوویە شانازیی گەورەشی تێدایە. لە هەمان کاتدا ئێمە هێندێك جار هێندێك پاشەکشەمان بە ڕابردووی خۆمانەوە دیوە. ئەگەر سەردەمێك کۆماری کوردستان دروست بوو، ئاڵای کوردایەتی بەرز بۆوە، بە دوای چەند ساڵ دا کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکرات مەجبوور بە فەعالییەتی نهێنی بوون. ئەگەر ئینقلابی ئێران کراو حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك فاکتۆرێکی سەرەکی لە سەحنەی سیاسیی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی قەزیەی کوردستان لە ئێران هاتە کایەوە، دوای ئینقلابی ئێران ئێمە تووشی شەڕێکی دوورودرێژی سی ساڵە بە دژی کۆماری ئیسلامی بووین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە سەر ئێمەیدا تەحمیل کرد. ئێمە پێمان وایە باشترین ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەمووی ئەم فاکتۆرانە، لە هەموو ئەو سیاسەت و بەرنامانە کە ئەسبابی سەرکەوتن و جێبەجێ بوونی گەورەیی حیزبی دێموکرات بوون، ئەوەیە دەرسیان لێ وەرگرین و بە قووەتیان بکەین. لە هەمان کاتیشدا لە هەمووی ئەو بۆچوون و لە هەمووی ئەو بەشە لە سیاسەت و نەزەراتێك کە لە ڕابردوودا هەمانبووە ڕەنگە پێمان وابێ هەڵەو ئیشتبای تێدابووە دەرس لەوانیش وەربگرین. ڕەمزی سەرکەوتن و جێبە جێ کردنی پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خەباتێکی دوورو درێژ بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوو دا پرۆژەو بەرنامەکانی خۆی جێ بەجێ بکات ئەوەیە دڵفەراح و دڵکراوەو دڵ ئاوەڵا بێ، کاتێك ڕەخنەی لێ دەگیرێ، کاتێك هەڵە دەکا، ڕەخنەکان وەر بگرێ. ئێمە پێمان وایە ئەو جۆرە حیزبایەتییە مەجال دەدا بە کۆمەڵانێکی زۆر کە خۆیان لە نێو حیزبدا ببیننەوە و هەر ئەوەش بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بنەمای جەماوەریی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاگرتوە.

ئێمە لە سەردەمێك دا بیرەوەریی ٦٤ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێژن دەگرین و دەچینە نێو دەسپێکردنی شەست و پێنجەمین ساڵی تەمەنی، کە لە گەڵ کۆمەڵێك فاکتۆری سەرەکی لە پێوەندی لە گەڵ کوردستان دا بەرەو ڕووین. یەکێك لەو فاکتۆڕانە ئەوەیە هەر ئەمساڵ سی ساڵ بە سەر بەرەنگاری و مقاومەتی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی ئێران دژی فتوای ئیمام خومەینی رادەبرێ کە سی ساڵ پێش ئەمرۆ دژی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران ڕاگەیەندرا. لەو ڕۆژەدا ئێمە سەرەڕای وەبیر هێنانەوەی خەبات و تێکۆشانی ٦٤ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها وەبیر سی ساڵ خەبات و فیداکاریی و حەول و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵك لە نێو خۆی وڵاتیش دەکەوینەوەو لە هەمووی ئەوانەشدا حیزبی دیموکراتی کوردستان فاکتۆرێکی سەرەکیی ڕیبەری کردن بووە، هەروەها لە هەمووی ئەوانە گرینگتر داهێنانی سیاسەتێکی دروست لە سەحنەی سیاسیی ئێران دایە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە چارەنووسی حەللی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە هەیە، ئێمە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو دا بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاریی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بکەین کۆمەڵێك شەهیدمان داوە. کەم گوند و شاری کوردستانی ئێران هەیە کە بە جۆرێك شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بە خۆیەوە نەبینیبێ. بۆیە جێی خۆیەتی لەو ڕۆژەدا بە بیر کردنەوە لە یادی ئەو شەهیدانە و هەروەها بۆ ئەوەی پەیمانیان لە گەڵ دووپات بکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك پێشوو درێژە بە خەبات و فەعالییەتی خۆی دەدا لە پێناو جێ بە جێ کردنی پرۆژەکانی خۆیدا. فاکتۆرێکی سەرەکیی دیکە کە ئەو ساڵ جێگای خۆیەتی کە ئێمە لە وەبیرهێنانەوەی بیرەوەریی ٢٥ی گەلاوێژدا ئاماژەی پێ بکەین ئەویش هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ئێرانە. دوای ئینقلابی ئیسلامیی ئێران چەند و چۆنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ئێران و دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە و چەند و چۆنی فەعالییەتی کۆمەڵانی خەڵك لە نێو خۆی وڵات دژی جەمهوریی ئیسلامی بە تایبەت سیستمی ولایەتی فەقیه و سەرۆك کۆماری ئێران خۆی سەحنەیەکی تازەیە لە ئێران دوای ئینقلاب حیزبی دیموکراتی کوردستان هەرپێش هەڵبژاردن لەو باوەڕەدا بوو کە بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەڵبژاردن بکەین بە گۆرەپانی کێشەی خەڵکی ئێران وخەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو سیستمە. ئەو خوێندنەوە دروستەی ئێمە بۆ بەشداریی فەعال، بووە هۆی ئەوە خەڵك هان بدەین بە دژی کۆماری ئیسلامی بێنە مەیدان بۆ ئەوەی هاودەنگ و هاوڕێ لە گەڵ کۆمەلانی خەڵك لە نێوخۆی کوردستان هەلبژاردنەکانی ئەو ساڵی ئێران ببێ بە مەیدانی کێشەو زوور ئازمایییەك لە بەینی دەسەڵات و کۆمەڵانی خەڵك. سیاسەتی دروستی ئێمە لەو پێوەندییەدا ئەوە بوو کە هەر ئاوا لە پەراوێز نەخسترێین. مادام لە ئێران ڕاستەوخۆ مەجال بە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدراوە بەشداری قانوونی سیاسیی ئەم ڕووداوە بکات، ئەوە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو مکانیزمێکی بینییەوە کە بۆ خۆی بەشێوەیەکی مناسب بتوانێ لە مەیدانێك دا کە بۆ خۆی ئیجازەی پێ نەدراوە جەمهووریی ئیسلامی بە چالش بکێشێ سیاسەتێکی دروست کە ئێمە هەڵبژاردنمان بایکۆت و تەحریم نەکرد، بایکۆت نەکردن و تەحریم نەکردنی هەڵبژاردن بەو مەعنایە بوو کە ئەو مەجالە بۆ چالاکوانان و فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات دروست بکەین کە لەو مەیدانە دژی کۆماری ئیسلامی بێ تەفاوەت نەبن. ئەو سیاسەتە دروستەی ئێمە دوای ڕاگەیەندرانی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بوو بە هۆی ئیعترازی بەربەرینی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی جەمهووریی ئیسلامی. بۆ جارێکی دیکە ئەهمییەتی ئەوەی هێناوەگۆڕێ کە ئێمە نابێ بەرامبەر بە داهاتووی ئێران بێ تەفاوەت بین. مادام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێڕەوو پرۆگرامی خۆیدا چارەسەری قەزیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێ، ئێمە دەبێ بەرامبەر بە مەسائیل و ڕووداوەکانی ئێران بە شێوەیەکی چالاك و جیددی بەرخورد بکەین. هەڵوێستی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردن‌دا، دەقیقەن لە پێناو ئەوە دابوو. ئێمە لە داهاتووش دا تێ دەکۆشین بە دەرس وەرگرتن و بە تەجرووبە وەرگرتن لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران، بە شێوەیەکی باشترو جەماوەریتر خۆمان بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران و مەجلیسی شووڕاکان ئامادە بکەین. ئەگەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بە تەبیعەتی ڕەقابەت لە بەینی دوو سێ کەس وبەتەبیعەتی دەسەڵاتی قانوونی کە سەرکۆمار هەیەتی، مەجال و مەودای بەربەرەکانی، هەروەها فەعالییەتێکی زۆر بۆ کۆمەڵانی خەڵك نەبوو، دڵنیام هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران و شووڕاکان

**ڕەمزی سەرکەوتن و جێبە جێ کردنی پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خەباتێکی دوورو درێژ بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوو دا پرۆژەو بەرنامەکانی خۆی جێ بەجێ بکات ئەوەیە دڵفەراح و دڵکراوەو دڵ ئاوەڵا بێ، کاتێك ڕەخنەی لێ دەگیرێ، کاتێك هەڵە دەکا، ڕەخنەکان وەر بگرێ**

دەتوانێ سیناریۆیەکی باش بێ بۆ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەوری خۆی بۆ وەگەڕخستنی جموجۆڵ وفەعالییەتی کۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆی وڵات بێنێتە پێشێ. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە تا ڕادەیەکی زۆر ریشەی لە واقعبینیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیە کە چۆن تێ دەکۆشێ موشکلەکان بە واقعبینییەوە چارەسەر بکات.

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێمە ئەو دەورانیش بە تەبیعەتی مەوقیعییەتی جووڵانەوەی کورد و مەوقعیییەتی مەسەلەی کورد لە ئێراندا سیاسەتی خۆمان جۆرێك دیاری کرد کە چۆن لە مەجال و دەرفەتەکان کەڵك وەربگرین. هەموو ئەو مەوزووعانە ئێمە لە بەرامبەر دوو ئاڵترناتیوودا قەرار دەدا. ئاڵترناتیوێك ئەوەیە ئیمە بڕیارمان داوە لە نێوخۆی ئێران و لە چوارچێوەی ئێراندا مەسئەلەی کورد حەل بکەین، بۆیە لە دۆست دەگەڕێین، لە یارگیری دەگەڕێین، بە قەولی کەلیمە ئورووپاییەکەی لە پارتنەر دەگەڕێین، لە لایەنێك دەگەڕیین لێمان حاڵی بێ و لێك حاڵی بین بۆ ئەوەی لە داهاتووی تاران ئێمە بتوانین قسەمان بڕواو دەورمان هەبێ و تەئسیرمان هەبێ. یەکێك لە گرفتی ئێمە لە سەرەتای

درێژەی:

## وتاری وتەبێژی کومیتەی ناوەندی

ئینقلابی ئێران ئەوە بوو بە داخەوە لە نێو سیستمەکەدا ئەو پارتنەرە یا ئەو لایەنەی بتوانێ دەرکی لە مەسەلەی ئێمە هەبێ ئاوا بە قووەت نەبوو لە دەسەڵاتدا، یا ئەگەر لەدەسەڵات دا بوونی هەبوو پاش ماوەیەکی کورتخسترایە پەراوێز.

بۆچوونێکی دیکە کەپێویستە لێرە دا ئاماژەی پێ بکەم بە تەبیعەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها کێبڕکێیەک کە لە نێو کۆماری ئیسلامیدا هەیە زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە لایەنەکانی کێشەدار لەگەڵ جەمهووریی ئیسلامیدا لەگەڵ یەکدا جیاوازییان نییە. زۆر جار ئەو قسەمان گوێ لێ دەبێتەوە کە ئەوە شەڕی خۆیانە. زۆر جار ئەو باسە دێتە گۆڕێ کە شەڕی دوو جەناحەو ئەگەر دوو جەناحەکە بە یەکەوە سازان، تەکلیفی ئێمە چییە. لە تەواوی سیستمی سیاسیی دنیایەدا لە دەروونی حیزبێک بگرە تا لە هەموو سیستمەکانی دێموکراتیکی دنیایەدا کێشەی دەسەڵات بەینی دوو جەناح و دوو لایەن لە دەسەڵات دا ئەمرێکی تەبیعییەو بووەو دەبێ. لە ئایندەش دا هەر بەردەوام دەبێ. ئەوە ئێمەین چۆن لەو کێشەی دەسەڵاتانە چۆن لە بەرژەوەندی خۆماندا کەڵک وەردەگرین. زەمانێ ئێمە دەتوانین لەو کێشانە لە بەرژەوەندی خۆماندا کەڵک وەربگرین کە ببین بە فاکتۆرێک لە کێشەکاندا. لە سەرەتای هەڵبژاردنەکاندا و لە ڕۆژانی دوای هەڵبژاردنەکاندا تا رادەیەکی زۆر بۆچوونەکە ئەوە بوو کە تەبیعەتی ئەو هەڵبژاردنەو دەرەنجامەکەی وەک ئەوانی پێشوو دەبێ. بەڵام بەشداریی زۆری کۆمەڵانی خەڵک و ئینتزارێک کە خەڵک هەیانبوو و تەبیعەتی ئەو شوعاروو دروشمانەی دوای هەڵبژاردن دران تەنانەت شوعارو دروشمەکان زۆر لەوە چووە پێشێ کە کاندیداکانی پۆستی ریاست جەمهووری لە لایەن ئیسلاح تەڵەبەکانەوە لە پێش هەڵبژاردن پێشبینییان دەکرد، هەموو ئەو موعادلاتەی شێواند. جووڵانەوەی خەڵک لە نێوخۆی ئێران بۆ جارێکی دیکە ئەو سیگناڵەی دا بە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران لە هەنگاوی یەکەم دا بۆ دنیای دەرەوە، لە هەنگاوی دووهەم دا کە کۆماری ئیسلامی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی دەورەی دەهەم، کۆماری ئیسلامیی پێشوو نییە. ئێمە لە داهاتوو دا لە گەڵ کۆماری ئیسلامییەک دا بەرەوڕوو نابین کە ساڵێک لەمەو بەر شاهیدی بووین و بە شێوەی خۆی لە ناوچەکەو ئێران و لە دنیای دەرەوە دا سیاسەتی دەکرد. ئێمە لە ئایندە دا لە گەڵ جەمهووریی ئیسلامییەک رووبەڕووین کە لە نێوخۆی ئێراندا لە مەیدانێکی بەربەریندا بە چالش کێشراوە، لە ئاستی نێودەوڵەتی بە ئیعتباری ئیعتڕازی کۆمەڵانی خەڵک شەرعییەت و قانوونەکەی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە ژێر پرسیار دایە. لە نێو کۆرو کۆمەڵ و لە نێو فەعالینی سیاسی بۆ جارێکی دیکە ئەو متمانەی هێناوەتە پێشێ کە لە لایەک هەوڵ بدەن و تێ بکۆشن کۆدەنگییەک لە ئاستی ئێران و بە تایبەت لە ئاستی کوردستاندا پێک بهێنن، رەنگە لە مەیدانی جیدیتر دابتوانین جەمهووریی ئیسلامیی بە چالش بکێشین. زۆر کەم وابووە پێش هەڵبژاردن ئەو دەرەنجامەی کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئیسلامی ئێران هەبوو، چاوەڕوانیان کردبایە. مادام ئەوە بۆتە ئەمری واقیع بۆ جارێکی دیکە ئەرک دەخاتە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئەو شوێنانەی کە فەعالییەتی لێ دەکەن کە بە بەرنامەو بە پرۆژەو بە فەعالییەتێکی جیددیتر کاری بۆ بکەین. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئەرک و فەعالییەتی ئەندامان لە نێو خۆی وڵاتەوە هەیە ئێمە داوایان لێ دەکەین و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە بە شێوەیەکی دروست، بە شێوەیەکی مەدەنیی دوور لە خشونەت، بێ ئەوەیکە بیانوو بدەن بە کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد کە لە کوردستان شەرایەتێکی نائەمنی بخوڵقێنن، هەروەک پێشوو ئیدامە بە فەعالییەتی مەدەنی و نافەرمانیی مەدەنیی خۆیان بدەن لە نێوخۆی وڵات. تێبکۆشن جموجۆڵی مەدەنیی کۆمەڵگای کوردی کوردستانی ئێران پتر بە قووەت بکەن. لە هەمانکاتیشدا ئەوە ئەرکی ئەوان و فەعالینی نێو خۆی وڵاتە کە پردی عیلاقات و پێوەندی بەینی کوردستان و شوێنەکانی کوردستانی ئێران بە قووەت بکەن. بۆ ئەوەی لێک حاڵیبوون لە نێوان هەردووک لا بێتە گۆڕێ و، ئێمە بتوانین لە سەر لانی کەمەکان بە قەناعەتێک بگەین بۆ ئەوەی بە چالش کێشانی جمهوری ئیسلامی هەروا ئیدامەی هەبێ.

ئەرک و وەزیفەی کادرەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات ئەو فورسەتە کە بۆ ئێمە هەڵکەوتوە، بتوانین باشتر جەمهووریی ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا کە کەوتۆتە بەر کامێراو فوکوس و میدیای نێودەوڵەتییەوە، ئێمە فشارەکانی خۆمان زیاتر بکەین و سیاسەت و کردەوەو پرۆژە وبەرنامەکانی جمهووری ئیسلامی لە دژی نەتەوەی کورد لە قاو بدەین. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی جۆراوجۆری سەحنەی سیاسیی ئێران هەموو حیزب و سازمانەکان بە جیاوازی کە لە هەر بیرو بۆچوونێکی سیاسی ونەتەوەیی کە هەیانە دەرکی وەزعییەتی ئێستا بکەین. بە قەولێک کە دەڵێن ئەو ئینقلابە ئارام و مەخمەڵیانە، مکانیزمی جێ بەجێ بوونەکەیان ئەوەیە کە چۆن کۆمەڵانی خەڵک لە مەیداندا رابگیرێن باشترین رێگا بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە مەیداندا رابگیرێن، تێگەیشتن و لێک حاڵیبوونێکە کە لە سەر بنەمای حەددی ئەقەل پێک هاتوە نەک لە سەر حەددی ئەکسەری ویستی حیزبێک یان لایەنێک لە سەحنەی سیاسیی ئێران کە دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بێ بۆ ئەوەی ئەو جموجۆڵە خەڵکی لێ بڕەوێتەوە. بۆیە ئێمە جێی خۆیەتی لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە تەعبیرو بە تەفسیر و بە ئیعتباری ئەوەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای کۆماریش یەکێک لەو حیزبانە بووە بۆ دروست کردن و پێک هێنانی بەرەیەکی ئێرانی و تەنانەت دوای ئینقلابی ئیسلامیی ئێرانیش یەکێک لەو حیزبانە بووە زۆر جار مێحوەری دروست کردنی بەرەیەکی ئێرانی و بەرەیەکی کوردستانی بووە، ئەو داوایە بکەین کە هەموو لایەکی ئێمە هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی کوردستان تێ بکۆشین لە سەر بەرنامەی حەددی ئەقەل لێک نزیک ببینەوە نەک لە سەر بەرنامەی حەددی ئەکسەروو ویستی تاکە حیزبێک. ویستێک کە رەنگە لە سەردەمی ئێستادا بۆ هەموو لایەک جێبەجێ نەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەبیعەتی ئەوەکە خۆی بە بەرپرس دەزانێ لە حەددی توانای خۆیدا بۆ کۆدەنگی و هاوکاری و هەماهەنگی، بەینی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کار بکا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا هەمیشە ئەوەی لە دەستووری کاری خۆیدا داناوە ئێمە لە پەیامەکانی خۆمان و لە بەیاننامەو لە راگەیەنە رەسمییەکان دا هەمیشە بایخمان بەوە داوەو کارمان بۆ ئەوە کردوەو بە شێوەی جۆراوجۆر ویستوومانەو ئێستاش لە هەوڵ داین کە تێ بکۆشین لە چوارچێوەی سیاسەت و ئیمکاناتی خۆماندا ببین بە وەسیلەیەک و بە بنەمایەک بۆ لێک نزیک بوونەوەو کۆدەنگییەک. لانیکەم لە پێوەندی لە گەڵ بیرەوەریی ٣٠ ساڵەی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و رێزلێنان لە موقاوەمەتی کۆمەڵانی خەڵک، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا بە خۆشییەوە بەشێکی بەرچاو یان زۆربەی زۆری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک دانیشتن. لانیکەم لە سەر بەیانییەک بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەو رۆژە و رێز گرتن لەو رۆژە ئێمە کۆدەنگ بووین. ئەمن پێم وایە ئەمە سەرەتایەکی باشە کە ئەگەر ئێمە هەموولایەکمان لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەین دەتوانێ بەرهەمی باشی هەبێ.

لە کۆتایی دا جێی خۆیەتی لە ٢٥ی گەلاوێژ، لە" ٦٤" ەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆ جارێکی دیکە ماندوونەبوونی و دەسخۆشانی بکەین لە فەعالییەت و چالاکیی هەمووی کادرو ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لەوماوەیەدا بە گوێرەی تواناو ئیمکانی خۆیان دەستیان داوە لە دەستی یەک و دەورو قسەیان بووە لە دروستی و رێک وپێکی و واقعبینیی سیاسەتی ئەم حیزبە. ئێمە تێ دەکۆشین لە داهاتووشدا ئەو سیاسەتە بەردەوام ئیدامە بدەین. هەر خۆش و سەربەرزبن. هەر پیرۆزبێ ٢٥ی گەلاوێژ، شێست و چوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەروا بە خۆشییەوە هەموو لایەکمان پێ دەنێینە دەسپێکردنی ٦٥ ەمین ساڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هیواداریین ساڵێکی خۆش بێ بۆ هەموو لایەکمان، بە پیت و بەرەکەت بێ بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵک. هەمووتان بە شادی و خۆشی دەسپێرم، هەر سەرکەوتووبن .



**حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەبیعەتی ئەوەکە خۆی بە بەرپرس دەزانێ لە حەددی توانای خۆیدا بۆ کۆدەنگی و هاوکاری و هەماهەنگی، بەینی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کار بکا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا هەمیشە ئەوەی لە دەستووری کاری خۆیدا داناوە**

درێژەی:

## وتوویژ لەگەڵ دوکتور هێمن سەیدی

و: لە پەنا یەکتر دانانی دوو حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەعسی عێراق سەبارەت بە کێشەی کورد تووشی هەڵەی تەحلیلیمان دەکا. راستە ئەو دوو رێژیمە سەرکوتی کوردیان لە بەرنامەدابوو بە کردەوەش درێژەیان بە سیاسەتەکانیان دەدا، بەڵام لە جەوهەری خۆیان دا بەنیسبەت کێشەی کورد، زۆر جیاواز بوون. رێژیمی بەعس بە فەرمی و لە قانوونی بنەڕەتی خۆیدا کوردیی وەک نەتەوەیەکی جیاوازو زمانی کوردی وەک زمانێکی جیاواز بە فەرمی ناسیبوو. تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمییشی لە چوارچێوەی عێراق دا بە نەتەوەی کورد دا بوو. بەڵام ئیدیعای دەکرد کە هێزە سیاسییەکانی کورد بە نوێنەری نەتەوەی کورد ناناسێ و سەرکوتیان دەکا. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە مەجالی وتوویژی تێدابوو. بەڵام رێژیمی ئیسلامی هیچ مەجالێکی بۆ وتوویژ نەهێشتبۆوە. ئاکامی خەیاڵیی وتوویژی ئێمە لەگەڵ رێژیمی ئێران یا دەبوو باوەڕی سیاسیی ئەوان بکاتە باوەڕ بە دێموکراسی و مافی نەتەوەکان، یا دەبوو باوەڕی سیاسیی ئێمە بکاتە باوەڕ بە ئیسلامی سیاسی، ئەویش لە نەوعی شیعی!

سەبارەت بە شەڕی ئێران و عێراقیش دیسان هەڵوێست و تاکتیکەکانی دوولایەنەکە جیاواز بوو، حکوومەتی عێراق لە مەوزەعی دیفاع و پاشەکشە دابوو. هەستی دەکرد راگرتنی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی یا ئەگەر بکرێ قانع کردنی ئەو هێزانە بە یارمەتی دانی دەوڵەتی ناوەندی، هاوکێشەکانی شەڕ بگۆڕێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی هێرش کردن دابوو. زۆرتریش پشتی بە هێزی ئینسانیی خۆی بەستبوو کە لە رووی باوەڕی ئایینییەوە لەو شەڕەدا بەشدار بوون. ئەوان خوازیاری گرتنی عێراق و دواتر پەلاماردانی ئیسرائیل بوون. بۆیە پێیان وابوو وتوویژو رێککەوتن وەک تاکتیکی شەڕ زۆر پێویست نیە، بەڵام رەنگە گومان بخاتە سەر دروشمە سیاسییەکانی ئەوان.

**پ: یانی پێتان وایە کە شەڕی کوردستان لەو هەلومەرجەشدا فشارێکی وای نەخستبووە سەر رێژیمی تاران تا بۆ لانی کەمی داخوازییەکانی خەڵکی کورد پاشەکشە بکا؟**

و: لە سەرەتادا واتە لە قۆناغی شەڕی ٣ مانگە، لە قۆناغی دوویەم ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ شەڕی کوردستان توانیبووی لە سەر رێژیمی تاران ئەهرەومی فشار بێ. بەڵام لە ساڵەکانی دواتردا دەکرێ بڵێین ئەو فشارە کەمتر بۆوە. دوای گرتنەوەی خورەمشەهر لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کۆماری ئیسلامی بە شەفافیەتێکی زیاترەوە باسی لە تێپەڕبوونی رێگەی قودس لە کەربەلاوە کرد. هەم هێزی زیاتر ببوو، هەم بێباوەڕیی خۆی بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوەکان نەدەشاردەوە. کەم کەم جیهانی دەرەوەش بوونی حکوومەتێکی لەو چەشنەی، لە تاران قبوولّ کردبوو. تەنیا دەیانهەویست هەر لە چوارچێوەی ئێران دا بمێنێتەوەو بیر لە ناردنی سیستمی دەسەڵاتداری خۆی بۆ وڵاتانی دیکە نەکاتەوە. بەراستی ئەو ترسەش هەبوو کە ئێران بتوانێ عێراق شکست بداو لەگەڵ سووریەو لوبنان پێکەوە هاوپەیمانیەتێک لە دژی ئیسرائیل پێک بهێنن. لەو هەلومەرجەدا شەڕی کوردستان نەیدەتوانی گۆڕانێک لە بەرنامەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی پێک بهێنێت.

# سی ساڵەی شەڕی کوردستان و هەوڵەکانی کورد بۆ ئاشتی

✍ مستەفا مەعرووفی

لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دا کاتێك دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە میتینگێکی گەورە دا پێی لەسەر چارەسەری سیاسیو ئاشتخوازانەی مەسەلەی کورد دادەگرتو رای دەگەیاند:" سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە هەرکەس دۆستمان نەبی دوژمنانە، سیاسەتی ئیمە ئەوەیە هەرکەس دۆژمنایەتیمان نەکا ئێمە پێمان خۆشە دۆستایەتیی بکەین"، دوژمنانی کورد بیریان لەوە دەکردەوە پادگانەکانی ئەرتەشی شا کە لە کاتی شۆرش دا کەوتبوونە دەستی خەڵك، لە کوردستان نەك هەر نابی بکەونە دەست خەڵك بەڵکوو لەدژی خەڵك بەکار بێن. ١٨ ڕۆژ دوای ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك بەرچاوترین هێزی سیاسیی کورد، لە پادگانی شاری سنەوە ئاگرو ئاسن بەسەر خەڵکی شار دا باریو دەیان کەس لە نەورۆزی ١٣٥٨ دا شەهیدبوون. بە دوای ئەمەش دا لە سەرانسەری کوردستان هێزە چەکدارەکانی لایەنگری ئایەتوڵڵا خومەینی جموجۆڵی شەڕیان لە دژی خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد. ئەوە لە حاڵێك دا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی لە ڕێبەرایەتیی خومەینیو دەوڵەتی کاتی دەکرد کە ئەو دای مەزراندبوو.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد راگەیاندو شەڕیکی قورس بەسەر کوردستان دا سەپا. ئەگەر لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ەوە تا ئەم تاریخە هێزە چەکدارەکانی لایەنگری خومەینی لە سنەو چەند ناوچەی دیکەی کوردستان هێرشیان کردە سەر خەڵكو هێزە سیاسییەکان، دەکرا بە هەلومەرجی دوای شۆرشو کەفو کوڵی شۆرشو نەبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەتی تازە بەسەر هەلومەرجەکەو نەبوونی رابردووی دێموکراسیو فەرهەنگی تەحەممولو مودارا پاساو درابا. بەڵام فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان دەری دەخست کە ئەمە شەڕێکی بەبەرنامەو سیاسیو ئیدۆلۆژیکییە کە خومەینی لە کوردستانەوە دەستی پێ کردوە..

٣٠ ساڵ بەسەر ئەو رووداوانە دا تێ دەپەڕێ. هەڵسەنگاندنی رووداوێك دوای ٣٠ ساڵ زۆر لە هەڵسەنگاندنی رووداوێك ئاسانترە کە تێیدا دەژی. ئەو کات جارێ زۆر زوو بوو کە مرۆڤ بزانێ ئەم جموجۆڵانە ستارتی ماشێنێکی زۆر بەهێزو بێ رەحمی شەڕێکی درێژخایەنن کە سوکانەکەی بەدەستی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو. سووربوونی حیزبی دێموکرات لەسەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانە هەرچەند لە جێی خۆی دابووو لە سیاسەتی دروستو ئینسانیو ئەخلاقیی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت بەڵام ئەگەر ئەم ڕێگە چارەیە بۆ کورد ستراتیژی بوو، بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیو خودی خومەینی تاکتیك بوو. ڕێبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چ ئەو کات کە لە کوردستان شکستیان دەخوارد بۆ خۆئامادە کردنەوەو خۆ تەیارکردنەوە کەڵکی زۆریان لەو تاکتیکە وەرگرت، چ ئەو کات کە خەریکی وتووێژ بۆ چارەسەری سیاسییانەی کێشەکان دەبوون لە راستی دا خەریکی داوو تەڵەکە نانەوە بۆرێبەرانی کورد بوون. ئەو ئەزموونانە بۆیە دەبن لە داهاتووی سیاسیی کورد بەکاربێنو بزووتنەوەی کورد دەبێ وێڕای پاراستنی ئوسووڵی سیاسیو ئامانجی ئاشتیخوازانە بە شكو گومانەوە بڕوانێتە بەرامبەرەکانی و تاکتیکی موناسب بگرێتە بەر. بە تایبەتی ئێستا کە ئێران لە دەروازەی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو دایەو رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دواییش بەروونی ئەمە دەردەخەن.

لە ساڵی ١٣٥٨دا گەشبینیو هیوا بەسەر بزووتنەوەی کورد دا زاڵ بوو، هەر لەو سەروبەندەش دابوو کە کۆماری ئیسلامی بناخەکانی خۆی پتەو کرد. لە لایەکی دیکەش بوونی جەناحی سەر بە حیزبی توودە لە حیزبی دێموکرات دا کە دیفاعی رەواو بەرهەقی بزووتنەوەی کوردی دەخستە ژێر پرسیار بەڵام ئامادە نەبوو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان مەحکووم بکا، بێ تەئسیر نەبوون .

شەڕی کوردستان یەکەم هەنگاوی پرۆسەیەکی درێژخایەنو شەڕخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە دروشمی "ناردنە دەرەوەی شۆرش" دا خۆی دەنواند. گەلانی ئێرانو هێزولایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە سەرخستنی شۆرشی ١٣٥٧ دا بەشدار بوون. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەنگاوی یەکەم دا دەبووا وردە وردە بە فێڵ و تەڵەکە هەموویان لە مەیدان دربکەن. کوردستانو بزووتنەوە دیموکراتیکەکەی یەکەم مەبەستی ئەم پیلانە بوون. هەرچەند شەڕی کوردستان درێژەی کێشاو زەبرێکی قورس وەرێژیم کەوت، بەڵام هەرکە ئەو ڕێژیمە بناخەکانی خۆی پتەو کرد بە هێزە سیاسییەکانی دیکەش دا هاتو هەموویانی لە مەیدان درەکرد، چ ئەوانەی کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بەشیان پێ دەداو چ ئەوانەی کە کۆماری ئیسلامیان پێ ڕێژیمێکی شۆڕشگێڕو دژی ئیمپریالیست بوو، هەموویانی وەك یەك قەڵتوبڕ کرد.

سەرەڕای ئەمانەش بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان قەت وازی لە هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای وتووێژو ئاشتیخوازانەوە نەهێنا. لە ساڵی ١٣٥٨ دا بەو رادەیەی هەوڵەکانی خومەینیو ڕێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان دا زیاتر دەبوو، هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ پێشگیری لەشەڕ زیاتر دەبوو. بە دوای کوشتاری خەڵکی شاری سنە لە نەورۆزی ١٣٥٨ دا دەستەیەك لە نوێنەرانی کورد سەردانی خومەینیی لە قوم کردو پاشان سەردانی موهەندیس مەهدیی بازرگان سەرۆکی دەوڵەتی کاتیی کردو وێڕای هێنانە گۆڕی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد دەربڕی. بەو حاڵەش ڕێژیم دەستی لە پیلانگێڕیو شەڕ فرۆشی هەڵ نەگرت. هەر بەدوای ئەم هەوڵانە دا نەك هەر شەڕێکی دیکەیان لە شاری نەغەدە دا سەپاند بەڵکوو فیتنەو ئاژاوەیان لە نێوان دوو گەلی دراوسێ واتە کوردو ئازەری دا گێڕا. د. قاسملووی نەمر لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری "تهران مصور" دا ئەوکات گوتی:" ئەوەی لە نەغەدە رووی دا بەسەرمان دا سەپا. شەڕیان لە دژی ئێمە دەست پێ کردو ئێمە کۆتاییمان پێهێنا".

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٤ ڕۆژ بەر لە فەرمانی جیهادی خومەینی نامەیەکی بۆ ناوبراو نارد کە لە نامەکە دا هاتوە:" حەزرەتی ئایەتوڵڵا! هەتا ڕێگا چارەی سیاسیی مەسەلەکان نەبەستراوە، هەتا ڕێگای ئاشتیو لێکتێگەیشتنو وتووێژ ئاوەڵایە، هەنگاوێك هەڵگرە. دەستوور بفەرموون ئەرتەش دەست لە لەشکرکێشی هەڵگرێ، فەرمان بدە تەبلیغاتی ژاراویی رادیۆو تەلەویزیۆن کۆتایی پی بێنن، ...فەرمان بدە ئەم ڕێگایە هەڵبژێرن، ڕێگای ئاشتیو برایەتیو دۆستایەتی هەڵبژێرن نەك ڕێگای شەڕو براکوژی". لە چەندین بۆنەو بەیاننامەی دیکە پێ لەسەر ئەم ڕێگا چارەیە داگیرایەوە.

ئەم هەوڵانەو ئەم هەڵوێستە روونو ئاشکرایانە سەریان نەگرتو شەڕێك کە لە ناوچەی پاوەو دەوروبەری لە گەلاوێژی ١٣٥٨ دا بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زەبرێکی قورسیان تێدا خوارد بیانووی پێویستی بۆ خومەینی رەخساند کە بەو ئامانجەی بگا کە شەڕی بە "نیعمەتێکی ئیلاهی "دەزانیو فەرمانە بەدناوەکەی لە دژی کورد دەرکرد. بەدوای ئەم فەرمانە دا شەڕێکی هەمەلایەنە لە دژی کورد دەستی پێ کردو لە کاتی شەڕ دا دەیان جینایەتی سامناك لە دژی خەڵکی بێتاوانی کوردستان خوڵقان کە کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی قارنێ لە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ دا نموونەیەکی ئەم درندەییو بێبەزەییەی سەربازانی خومەینییە.

بەوحاڵەش هەوڵەکان بۆ ئاشتی هەروا درێژیان کێشا. پاش فەرمانی جیهادی خومەینیو دەست پێکرانی کوشتاری خەڵکی کوردستان، لە حاڵێك دا هێزەپەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی بەربەرەکانیو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان دا شکستیان دەخوارد، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکی سەرئاوەڵا لە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٥٨دا بۆ بیروڕای گشتیو هێزولایەنەکانی سەرانسەری ئێران نووسی:"ئێمە زۆرجار گوتوومانەو جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێگاچارەی سیاسیو ئاشتیخوازانە دەبێ تاقە ڕێگا چارەی مەسەلەی کورد بێو دەبێ ڕێگای ئاشتیخوازانە جێگای شەڕی دەستدرێژیکەرانەو ماڵوێرانکەر بگرێتەوە."

هەوڵەکان بە مەبەستی پێشگیری لەشەڕ لەوەش بەولاوەترو بەربڵاوتر بوونەوە. هێزو لایەنە سەرەکی-یەکانی کوردستان "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد"یان پێك هێنا. لە راستی دا ئەو چەند جارەش کە دەستەی نوێنەرایەتیی کورد توانی لەگەڵ خومەینی و ژمارەیەك لە کاربەدەستانی سەرەوەی ڕێژیم وتووێژ بکەنو تەنانەت جاروباریش هێندێك وەعدی ناروونیان بە نوێنەرەکان دەدا، لە ئاکامی دوو شت دابوو: یەکەم، ئەرتەشو هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوکات ئەوەندە مونەزەمو بەهێز نەبوون تا بەسەر بەربەرەکانیی گشتیی خەڵکی کوردستان دا زاڵ بن. دووەم، بە فیڕۆدانی کاتو کەڵك وەرگرتن لە تاکتیکی وتووێژ - هەروەك لەسەرەتا دا باسی کرا - بۆ کۆکردنەوەو بەهێزکردنەوەی هێزەکانیان بوو.

سەرەنجام هەوڵی کورد بۆ ناچار کردنی کۆماری ئیسلامی بە وتووێژو ئاشتی بە هیچ کوێ نەگەیشت. دوایین زەبری قورس کە وەمێتۆدی ئاشتیخوازانە کەوت تێرۆری د.عەبدولرەحمانی قاسملوو لە سەر مێزی وتووێژ لەگەل نوێنەرە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لە ١٣٦٨ی هەتاوی دا بوو. بەو حاڵەش بزووتنەوی کورد دوای ٣٠ ساڵ خەباتی ئاشتیخوازانە لە لایەكو دیفاعی مەشرووع لە لایەکی دیکەوە، بە وەبەرچاوگرتنی هێندێك ڕێوشوێنو میکانیزمی پێویست، بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتخوازانەوە، وتووێژی ڕەت نەکردۆتەوە.

بەربەرەکانیو دیفاعی مەشرووعی کورد لە خۆی زۆر جار بە ئەنفەستو زۆر جاریش لە رووی نائاگاییەوە خراوەتە ژێر پرسیار. بەڵام رووداوەکانی دواتر لە هێرش بۆسەر ڕێکخراوی موجاهیدین کە تا ساڵی ١٣٦٠ باوەڕیان بە دیفاعی چەکدارانە لە بەرامبەر ڕێژیم دا نەبوو، هێرش بۆسەر حیزبی توودە کە کۆماری ئیسلامیی بە "هاوسەنگەری"ی خۆی لە دژی ئیمپریالیزم دەزانێ، درێژەدانی ٨ ساڵ شەڕێکی بێسوود لەگەڵ عێراق، دەبێ ماهییەتی شەڕخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خومەینیی بۆ هەموو لایەك دەرخستبێ. جێگرەوەکانی خومەینی تەنانەت هەستی شەڕخوازانەی خۆیان لەوەش زیاتر تین دا. ئەم جار نەك هەر هێزە بەرهەڵستکارەکان، تەنانەت نووسەرانو شاعیرانی رەخنە گریش وەبەر تفی رقو کینی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی کەوتن. کوشتاری رووناکبیران لە پاییزی ١٣٧٧ دا کە بە "قەتڵە زنجیەرییەکان" ناسراوە نموونەی ئەم راستییەیە. تێرۆری دەیان تێکۆشەری سیاسی لە دەرەوەی وڵات نموونەیەکی دیکەی سیاسەتی شەڕخوازانەو تێرۆریستیانەی ئەم ڕێژیمەیە. لە خۆپێشاندانی هێمنانەو ئاشتیخوازانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران دەیان کەس بە گوللەی هێزەنیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون. لە ٣٠ ساڵەی شەڕی کوردستان دا لە شەقامو کووچەو کۆڵانەکانی شارەکانی ئێران دا خۆپێشاندانی هێمنانەو مەدەنیانەی خەڵکی سەرانسەری ئێران لە خوێن وەردەدرێ. ڕێژیمەکە هەر ئەو ڕێژیمەیە بانگەوازی ئاشتیخوازانەی کوردی بە گوللەو ئاگرو ئاسن وەڵام داوەتەوە، دەسەڵاتدارانیش هەر هەمان دەسەڵاتدارانن.



**سووربوونی حیزبی دێموکرات لەسەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانە هەرچەند لە جێی خۆی دابووو لە سیاسەتی دروستو ئینسانیو ئەخلاقیی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت بەڵام ئەگەر ئەم ڕێگە چارەیە بۆ کورد ستراتیژی بوو**

# چارەسەر کردنی پرسی کوردو هەوڵێك بۆ یەکگرتوویی خاکی تورکیە

حەسەن شێخانی

ئەمڕۆکە پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە بۆتە ڕۆژەڤ. پایەبەرزترین بەرپرسانی تورکیە باس لەوە دەکەن کە پرسی کورد گەورەترین پرسی تورکیەیە و دەبی چارەسەر بکرێ. AKP رایگەیاندوە پرۆژەیەك بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە پێشکەش دەکا. ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە بۆ بەرەوپێش چوون و چارەسەر بوونی پرسی کورد.

لێرەدا دوو لایەن بوونیان هەیە: ١) لایەنی کوردی کە دەیان ساڵە ستەمی بەرانبەر دەکرێ و لە رێگەی خەباتێکی سەخت و خوێناوییەوە بۆ بەدەستخستنی مافەکانی هەوڵ دەدا. ٢) لایەنی تورك یان دەسەڵاتی تورك کە بە زەبروزەنگ و سەرکوت وەڵامی داخوازییەکانی کوردی داوەتەوە. ئایا لە قۆناغی هەنووکەیی دا بزاڤی باکوور دەتوانێ فشارێکی ئەوتۆ دروست بکا کە چارەسەری پرسی کورد ببێتە دیاردەیەکی حەتمی و پارێز هەڵنەگر؟ ئایا دەسەڵاتی تورك بوێری و جیدییەتی پێویستی بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەیە؟ رای گشتیی تورك چۆن دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە؟ فاکتۆری نێونەتەوەیی چ رۆڵ و کاریگەرییەکی هەیە؟

١ــ دەوڵەتی تورکیە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ بەم ئاکامە گەیشتوە کە پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد نەتەنیا ئیمکانی نیە و شکستی هێناوە بەڵکوو زۆر دەرەنجامی نیگەتیڤی بۆ تورکیە لێ کەوتۆتەوە.

دوای ٨٦ ساڵ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، بزووتنەوەی نەتەوەیی باکووری کوردستان لە هەمووکات بەهێزترە. بەشێکی گەورەی کومەڵگەی کورد بە ئاستێکی بەرزی وشیاری نەتەوەیی گەیشتوەو بە هەموو شێوەیەك ململانێی سیاسەتە نامرۆڤانەکانی دەوڵەتی تورك دەکەن.

تورکیە لە ساڵی ١٩٨٤وە کە خەباتی چەکداریی PKK دەستی پێ کرد تا هەنووکە، چەند سەد میلیارد دۆلاری بۆ سەرکوتی ئەم بزاڤە خەرج کردەوە کە بەم برەپارەیە دەتوانرا خزمەتێکی گرینگی لایەنی ئابووریی تورکیە بکرێ.

لەئارادا نەبوونی زەمینەیەکی یاسایی و فەزایەکی دێموکراتیك بۆ گەشە کردنی کلتووری کوردی، زیانێکی گەورەشی بە پرۆسەی بەرەوپێش چوون و دەوڵەمەند بوونی کلتووری تورك گەیاندوە و لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە پێوەندی و هەڵسوکەوتی نێوان دوو کۆمەڵگەی کوردو تورکی بەرەو ئاقارێکی ناتەندروست پاڵ پێوەناوە کە لە ئەگەری بەردەوام بوونی رەوشی هەنووکەیی، لێکترازانی ئەم دوو کۆمەڵگەیە بەرەو دۆخێکی مەترسیدار هەنگاو دەنێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش سیاسەتی تواندنەوە و وەك یەك لێکردن لەگەڵ رۆحی سەردەم کە لەسەر پاراستنی هەبوونە ئێکۆلۆژیك، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان پێدادەگرێ، دژایەتی هەیە.

٢ــ دەتوانرێ بگوترێ تا ساڵی ٢٠٠١، دەسەڵاتی تورك بە شێوەیەکی یەکدەست دژایەتیی داخوازییەکانی کوردی دەکرد. بەڵام وەلانانی ئیستراتیژیی گۆڕینی سنوورەکان و ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن بزاڤی کوردەوە، لە نێو دەسەڵاتی تورك دا چەشنێك قەڵشتی دروست کرد و بە پێی ئەمەش بەشێك لە دەسەڵاتی تورك باسی چارەسەری پرسی کوردیان هێنایە ئاراو لەگەڵ دابین بوونی مافە سەرەتاییەکانی کورد دژایەتی ناکەن و بە قسەی خۆیان پرۆژەیەکیشیان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە بە دەستەوەیە.

لەلایەکی دیکەش لە ٢٠٠١ بەم لاوە سەمپاتیی رای گشتیی تورك و بژاردەکانی کۆمەڵگەی تورك بە نیسبەت داخوازییەکانی کورد، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ. داننانی یەك لە دوای یەکی ژنراڵەخانەنشینەکانی تورك بەوە کە پرسی کورد و PKK بە رێگەچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێ، کاریگەرییەکی زۆری بە قازانجی کورد لە نێو رای گشتیی تورك دا داناوە. گرینگیی ئەم مەسەلەیە لێرەدایە لە ئەگەری لەبار بوونی فاکتۆری رای گشتی، AKP دەتوانێ بە بوێرییەکی زیاترەوە بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد هەنگاو باوێژێ.

٣ــ بزاڤی باکوور بە شێوەیەکی فەرمی لە ٢٠٠١ەوە پرۆژەکانی خۆی بۆ بەدەستخستنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی هەنووکەیی تورکیە دادەرێژێ و پێناسە دەکا بەڵام سەرەڕای ئەوە تا هەنووکەش چەشنێك بێمتمانەیی لە نێودەسەڵات و لانی کەم بەشێك لەرای گشتی تورك دا بە نیسبەت دوا ئامانجەکانی بزاڤی کورد لە ئارا دایە. لایەنی تورکی لەوە دەترسن کە دوا ئامانجی بزاڤی کورد پارچە پارچە کردنی وڵاتی بە ناو تورکیە بێ یان هەلومەرجێکی کۆنترۆڵ نەکراو بێتە ئارا کە ئاکامەکەی پارچە پارچە کردنی تورکیە بێ. ئەم مەسەلەیە لەسەر هەوڵەکانی پارتی دەسەڵاتدار بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد کاریگەریی نیگەتیڤی داناوە.

٤ــ یەکێك لە کۆسپەکانی سەر رێگەی چارەسەری پرسی کورد، دوو پارتی CHP و MHPن کە هەڵوێستی نەژادپەرستانەیان بەرانبەر کورد هەیە. ئەم دوو پارتە هەر چەند بە توندی دژایەتیی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی تورکیە و ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی دەکەن بەڵام لەم دواییانەدا تا رادەیەك بۆچوونەکانیان گۆڕاوە و لانی کەم دان بە پرسی کورد دادەنێن. چونکە نکۆڵی کردن لەو پرسە دەبێتە هۆی لەدەست دانی هەرچی زیاتری پێگەی جەماوەرییان. بەتایبەت کە کوردەکان حەشیمەتێکی ٢٠ میلیۆنی لە تورکیە دا پێك دێنن.

٥ــ تورکیە لە رووی ژیئۆپۆلیتیکیەوە هەڵکەوتێکی گرینگ و هەستیاری هەیە و رۆژهەڵاتی ناوین و ئورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەوڵەتی تورك بۆ ئەوەی بتوانێ لەم هەڵکەوتەی بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی رۆژهەڵاتی ناوین کەڵك وەربگرێ پێویستی بە سەقامگیری و ئاسایش لە وڵاتەکەیدا هەیە. ئەمەش کاتێك مسۆگەر دەبێ کە پرسی کوردی چارەسەر کردبێ.

لانیکەم بەشێك لە دەسەڵاتی تورك بەم ئاکامە گەیشتوە بۆ ئەوەی تورکیە بتوانێ لە عێراقی دوای ٢٠١١، ئاسیای ناوەراست، قەفقاز و... رۆڵی خۆی بگێڕێ و بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، پێویستە گەورەترین پرسی وڵاتەکەی کە پرسی کوردە چارەسەر بکا. چارەسەر نەکردنی ئەم پرسە وزە و توانایەکی زۆری تورکیە بەفیرۆ دەدا و تووشی نوشوست و لاوازیی دەکا بە چەشنێك نەتوانێ رۆڵی شایانی خۆی لە ناوچەکانی جێی ئاماژە بگێڕێ.

٦ــ ئەوە خەبات و هێزی بزووتنەوەی کوردە کە دەسەڵاتی تورکی ناچار بە پاشەکشە کردوە بە چەشنێك کە رادەگەیەنن بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد پرۆژەیان هەیە. سەرەڕای ئەوەش رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد هەوڵ دەدا رێگە لە "توهم سازی" و خۆشباوەڕی بگرێ. عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێ: AKP بوێریی پێویستی نیە و بە دڵە راوکێ پرسی کورد چارەسەر ناکرێ. هەروەها لەزاری بەرپرسانی DTP دەبیسین کە AKP جیددی نیە و هەنگاوی پراکتیکی ئەوتۆ ناوێژێ. ئەم ئاخافتنانە سەڵمێنەری ئەوەن کە بزاڤی کورد بە وریاییەوە هەنگاو دەنێ و هەوڵ دەدا لە هەر چەشنە خۆشباوەڕییەك خۆی بپارێزێ.

بێداریی نەتەوەیی، نەمانی ترس، متمانە بەخۆبوون و رێکخستنی بەهێز لە تایبەتمەندییەکانی هەنووکەیی بزاڤی باکوورن. ئەم بزاڤە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ و خەڵکێکی زیاتر بڕیار دەدەن بە ئازادی بگەن و لەم رێگەیەدا ئامادەی هەموو فیداکارییەکن. بەم هۆیانە هەوڵی بەشێك لە دەسەڵاتی تورك بۆ پاراستنی دۆخی ئارایی تەنیا رادیکاڵ بوونی بزووتنەوەی کوردی لێ دەکەوێتەوە.

زیاتر لە سی ساڵ خەباتی بێپسانەوە، تەنانەت سەرسەختترین نەتەوەپەرستەکانی تورکیشی تووشی دوو دڵی و دڵەراوکێ کردوە بە چەشنێك کە وەکوو جاران بۆ سەرکوتی توندوتیژانەی بزووتنەوەی کورد پێداگری ناکەن و بۆ چوونەکانیان لەهەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا برەوێکی زۆری نەماوە.

٧ــ دیداری ئەحمەد تورك هاوسەرۆکی DTP لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا لە ئانکارا، ریگەدانی ئەمریکا بە DTP کە نووسینگەیەکی نوێنەرایەتی لە واشنگتۆن بکاتەوە، نیشاندەری ئەوەن کە بەوتەی ئەو باڵوێزە، ئەمریکا بە پێویست دەزانێت تورکیە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، هەنگاوی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و دەروونی باوێژێ. یەکیەتیی ئورووپا و سەرۆکی ئێستای ناتۆش داوایان لە تورکیە کردوە کە پرسی کورد بە رێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکا. بەم پێیە فاکتۆری نێونەتەوەییش تا رادەیەك بە قازانجی کورد لە گۆڕان دایە.

لەبەر ئەوەی خەباتی کوردی باکوور لەسەر میتۆدێکی ناتوندوتیژ و دێموکراتیك چڕ بۆتەوە پێدەچێ لە داهاتوودا پشتیوانیی رای گشتی و دەوڵەتانی جیهان زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێ.

٨ــ رەجەب تەیب ئەردوغان پێشتر رایگەیاندبوو تا DTP، PKK وەك گرووپێکی تیرۆریستی نەناسێت ئامادە نیە لەگەڵ بەرپرسانی DTP دانوستان بکا. ئەحمەد تورك ئەوەی رەد کردەوە و تەنانەت رایگەیاند ئامادەیە لە دانیشتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی تورکیەدا نوێنەرایەتیی ئۆجەلان بکا. ئامینە ئاینا هاوسەرۆکی DTP رادەگەیەنێ بێ PKK و ئۆجەلان پرسی کورد چارەسەر ناکرێ. ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کە دەوڵەتی تورك ناتوانێ لە نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی باکوور جودایی دروست بکاو لێکیان دوور بخاتەوە. ئەمەش خاڵی هەرە بەهێزی ئەو بزاڤەیە.

**ئەنجام:**

**ئەلف)** دانیشتنی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ ئەحمەد تورك و وتەی عەبدوڵڵا گویل سەبارەت بەوە کە "DTP رۆڵێکی گرینگی هەیە" ئەوە دەردەخا کە DTP وەك بەردەنگی یاسایی پرسی کورد قبووڵ دەکرێ. کردنەوەی نوێنەرایەتیی ئەو پارتەش لە واشینگتۆن، هێزی مانۆری پارتی ناوبراو زیاتر دەکا و بەم پێیە دەتوانێ راستەوخۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد بە کاربەدەستانی ئەمریکایی رابگەیەنێ. ئەمەش هەنگاوێکی ترە بەرەو نێونەتەوەیی بوونی هەرچی زیاتری پرسی کورد.

**ب)** موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK رادەگەیەنێ ئەگەر تورکیە لەگەڵ ئێمە و ئۆجەلان دانوستان ناکا با DTPو بژاردەکانی کۆمەڵگەی کورد وەك بەردەنگ قبوول بکا. ئەمە هەر چەشنە بیانوویەك لە دەست تورکیە بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنی کوردی دەردێنێ.

**ج)** پێدەچێ پرۆژەی AKP تەنیا دابینکەری مافە سەرەتاییەکان و مافەکانی شارۆمەندیی کورد بن و مافی نەتەوەیی کوردان وەك نەتەوەیەکی جیاواز دەستەبەر نەکا، بە واتایەکی دیکە پرسی کورد بە شێوەیەکی کۆنکرێت و یەکجارەکی چارەسەر ناکا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێ ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ هەنگاونانی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا.

**د)** بە وتەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان تورکیە دوو رێگەی زیاتر لەبەردەمدا نیە: ١) پرسی کورد چارەسەر دەکا و دەبێتە کۆمارێکی دیموکراتیك و بەم شێوەیە لە قەیرانی هەنووکەیی دەرباز دەبێ. ٢) پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی پێشوو و سیستمی ئۆلیگارشی دەکا کە دەبێتە هۆی داخرانی هەرچی زیاتری بیاڤی نێوخۆیی و تەریککەوتنەوەی تورکیە لە دنیای ئەمڕۆیی. بە پێی ئەمەش هەڵوەشانەوەی تورکیە وەك یوگسلاوی و یەکیەتیی سۆڤیەت دەبێتە شتێکی چاوەڕوان کراو*. هەروەك رەجەب تەیب ئەردۆغانیش دان بەو راستییەدا دەنێ کە چارەسەر نەکردنی پرسی کورد یەکگرتوویی خاکی تورکیە دەخاتە مەترسییەوە.

پەراوێز:

*اوجالان، عبدالله، کرد آزاد و هویت نوین خاورمیانە (دفاعیات ارائه شده به دادگاه موئتلفه آتن) فوریه ٢٠٠٦، مرکز آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان، ل ١٧٦ بە هێندێك دەستکارییەوە.



**لەبەر ئەوەی خەباتی کوردی باکوور لەسەر میتۆدێکی ناتوندوتیژ و دێموکراتیك چڕ بۆتەوە، پێدەچێ لە داهاتوودا پشتیوانیی رای گشتی و دەوڵەتانی جیهان زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێ**

# ٢٨ی گەلاوێژ، دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد

✍ مادێح ئەحمەدی

بەشی یەکەم

**سەرەتا:**

کاتێك خومەینی‌و دارودەستەکەی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا توانیان لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکە بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمی "پەهلەوی" بێنن، ڕێژەیەکی زۆر لە جەماوەری ئێران‌و زۆر لایەنی دیکە سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی پێی شاد و حۆشحاڵ بوون، پێیان وابوو کە ئیدی چەوساندنەوە، زەبروزەنگ، کوشت‌و بڕ، پێشێل کردنی ماف مرۆڤ و... لە ئێران کۆتایی دێ‌و بەشێك لە هیواو خۆزگەکانیان دێتە دی. واتە دەسەڵاتی تازە ئازادی و دیموکراسیان بۆ دابین دەکا. بەڵام زۆر زوو ئەو شۆڕشە لە ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی لایداو دەرکەوت ئەو دیاردەی کە بە نێوی"خۆمەینی" لە ژێر چەتری ئیسلامدا لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، تراژیدیایەکی خوڵقاوی سەدەی بیستە کە خوازراوو نەخوازراو بەسەر نەتەوەبندەستەکانی ئەو وڵاتەدا سەپاوە.

کاتێ کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار لەژێر هێژمۆنی‌و کاریگەریی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵا دەستدا سیاسەتی تەفریس، تواندنەوەو ئاسمیلەکردنی نەتەوەکان دەستی پێ کردو سڕینەوە ماف ڕەوای نەتەوە بندەستەکان ڕاشکاوانە وەك بابەتێکی ئاسایی لێ هات. بەواتەیەکی تر هەروەك چۆن پرۆفیسۆر "حوسێن بەشیریە" باسی دەکا، سیاسەتی چووکە کردنەوەی نەتەوەکانی دیکە، شێوەیەکی فەرمی گرتە خۆی‌و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئەو پەڕی هەوڵ‌و توانایی خۆیان وەگەڕخست، بۆ ئەوەیکە پێش بەنەتەوەسازی بگرن‌و لەچوارچێوەیەکی بچووکدا وەك "قەوم" (ئەتنیك) باس لەنەتەوەکانی دیکە دەکەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرکام لەو ئەتنیکانەی کە کۆماری ئیسلامی باسیان دەکا، بۆ خۆیان خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی، مێژوو، کەلتوور، زمان، ئایین‌و زۆر تایبەتمەندیی دیکەن، کەوەك فاکتەرەکانی نەتەوە بوون دێنە ئەژمار. هەروەها لەباری ژیۆپۆلۆتیکیشە هەموویان لەشوێنێکی تایبەت دان‌و سنوری تایبەتیان هەیە. لەم پێناوەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەرکاتێ باس لەکەلتوورو زمان‌و ڕابردووی نەتەوەکانی دیکە دەکەن، بە گرتنەبەری سیاسەتێکی دیماگۆژیانە زمان‌و کەلتوورو ناسنامەی نەتەوەیی‌و مێژووی نەتەوەکان دەبەنە ژێر ڕکێف‌و کاریگەریی نەتەوەی باڵادەستی فارس‌و وەك پاشکۆی زمان‌و مێژوو و کەلتورو... فارس باس لەتایبەتمەندی نەتەوەکانی دیکە دەکەن. لێرەوە ماف نەتەوەبوونیان دانی پێدانانرێ‌و مافێکی کەلتووریی دەستکردیان دەدەنێ‌و وەك "ئەتنیك" لەئارا دان. چونکە ئەگەر وەك نەتەوە بەفەرمییان بناسێ، دەبێ دان بە بەماف سیاسیی نەتەوەکانیشدا بنێ‌و ئەمەش لەگەڵ یاساو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دژایەتی هەیە.

یەکێك لەو نەتەوانەی کە کەوتۆتە بەر شاڵاوی ئەم هێرشەوە، نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . کورد بەهۆی تایبەتمەندیی جیاوازەوە لەچاو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران گەورەترین زەبرو زەنگ‌و کوشت‌وبڕو دەیان کارەساتی تری چێشتوە کە هەر یەك لەو کارەساتانە لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوونێکی تایبەتی پێویستە.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەستی فارس لە چەند بواری سەرەکیدا هێرشەکانی خۆی دژی نەتەوەی کورد دەست پێدەکاو تا ئێستەش ئەو هێرشانە باون. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ژینۆسایدی سوور(فیزیکی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ژینۆسایدی سوور:**

کوشت‌و بڕ بەهەرشێوەیەك، لەئیعدامەوە بگرە تا تیرباران کردن، هێرشی نیزامی، کۆکوژی بەکەڵك وەرگرتن لەچەك گەلی باوو ناباو یا لەچوارچێوەیەکی تردا "بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەك کیمایی و فۆسفۆری‌و ژهرەو .... هتد" دەچێتە خانەی ژینۆسایدی سوورەوە.

**ژینۆسایدی سوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

ژینۆسایدی سوور بەرامبەر بەنەتەوەی کوردلە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێدەکات‌و لە ٢٨ی گەلاوێژەوە بە شێوەی ئاشکرا دەست پێدەکا.

بەپێی ئەوەیکە لەسەرەتاکانی سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا چەند دانیشتنێك لەنێوان وەفدی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا بەڕێوەچوو و وەفدی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد داوای ئۆتۆنۆمی(خودمۆختاری)یان بۆ ناوچە کوردنشینەکان دەکردو ئەیانەویست خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، لەئاکامدا بەفەرمانی خومەینی شەپۆلێك لەتۆمەت‌و سووکایەتی کردن بەرێبەرانی سیاسی ــ نەتەوەیی‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەستی پێ کردو پرۆپاگەندەیەکی بەرفراوانی لەپێناوی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد لەسەرکرا. لێرەوە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵات بەچۆکی دا بێنێ، "چەمران" (وەزیری بەرگری)، "ئەبوو شەریف" (فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران)و "خەڵخاڵی"(وەك حاکمی شەرعی کوردستان)و چەند کەسێکی تر لەلایەن خودی "خومەینی"ەوە ڕادەسپێردرێن‌و کوشت‌و بڕ و ئیعدامی خەڵکی کورد لەکوردستان دەست پێ دەکەن. هەروەها بۆ ئەوەیکە پێش بەدەنگدانەوەی هێرشی ئەرتەش‌و سوپای پاسداران بۆ سەرکوردستان بگیرێ، چەند ڕۆژ پێش هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، نوێنەرایەتی‌و نووسینگەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان دەستووتێندرێن‌و سانسۆرێکی هەمە لایەنە لەئێراندا سەقامگیر دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، لەلایەنە نووسینگەی خومەینییەوە لەشاری "قوم" "قوتبزادە" "مونتەزێری"، "بەنی سەدر"، "خامنەیی" "فەخرەدین حیجازی"و... ڕادەسپێردرێن.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی "خەڵخاڵی" وەك حاکمی شەرع‌و دادوەر لەلایەن خومەینییەوە بۆ کوشت‌و بڕی گشتیی دەنێردرێتە کوردستان. لێرەوە بەتوندی کۆکوژی‌و تیرباران کردن‌و تالانکردنی ناوچە کوردنشینەکان دەست پێ دەکا. (جێ‌ئاماژەیە لێرە لەپەنای ژینۆسایدی سووردا، ژینۆسایدی ئابووریش لەئارادایە. چونکە هەم کوشتوبڕی فیزیکی و هەم تاڵان کردن لە ئارادایە).

لەڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژدا شارەکانی سنەو سەقز بەتوندی کەوتنە بەرهێرش‌و هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هاتنە نێو ئەم شارانەو دەستیان کرد بەکوشت‌و بڕو تیربارانکردنی خەڵك. بەئاماژە بەوەی هێزە کوردییەکان لەو کاتەدا کۆنترۆڵی ناوچەکوردنشینەکانیان بەدەستەوە بوو و لەهەمانکاتدا، چونکە وتوویژو دیالۆگ لەگەڵ ڕێژیم لەسەر داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بەئاکام نەگەیشت، بەرەوڕووی شەڕو دەرگیری بوونەوە. لەشەڕی پاوەدا "چەمران‌و ئەبوو شەریف" لەشاخ‌و چیاکانی دەووروبەری ئەم شارە دەکەونە بۆسەی هێزە کوردییەکانەوەو گیردەکەن. ئەم هەواڵە دەگاتەوە گوێی "خومەینی"و خومەینییش بێ دەستەوەستان ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ فەرمانی هێرش بۆ سەر پاوە دەردەکاو بەفەرماندەکانی سوپاو ئەرتەش‌و ژاندارمری ڕادەگەیەنێ ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری تر کوردستان لەبوونی دژە شۆڕش نەسڕنەوە هەمووتان بەرپرسیارن‌و سزادەدرێن.



**دەقی پەیامەکەی خومەینی لە ٢٧ی گەلاوێژدا بەم چەشنەیە:**

فەرمانی ئیمام وەك بەرپرسی گشتیی هێزەکان، سەبارەت بە ڕووداوەکانی پاوە:

٢٤ ڕەمەزان ــ ٢٧ مرداد (گەلاوێژ)

**بسم الله الرحمن الرحیم**

لەلایەن ئێران و هێزە جۆراوجۆرەکانی ئەرتەش و پاسداران و خەڵکەوە داواکراوە کە من دەستوور بدەم بچنە پاوەو کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

من سپاستان دەکەم و دەوڵەت، ئەرتەش و ژاندارمری ئاگادار دەکەمەوە، ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری تر بە تانك و تۆپ و سوپای تەیارەوە بەرەو پاوە بەڕێ نەکەون هەموویان بە بەرپرس دەزانم.

من وەك بەر پرسی گشتیی هێزەکان، بەرپرسی ستادی ئەرتەش ئاگادار دەکەمەوە، ئەگەر بە خێرایی و بە تەیارییەکی تەواوەوە بەرەوە ئەو ناوچەیە نەڕۆن، دەستوور بە پادگانەکانی ئەرتەش و ژاندارمری دەدەم بە بێ چاوەڕوانی دەستوورێکی تر و کوشتنی کات بەرەو پاوە بەڕێ بکەون و داوا لە دەوڵەتیش دەکەم بە خێرایی کەرەستەی پێویست بۆ ئەرتەش دابین بکات. تا دەستووری دوایی، من هێزەکانی ئینتزامی بە بەرپرسی ئەو کوشت و بڕە وەحشیانەیە دەزانم و ئەگەر دەستوورەکە جێبەجێ نەکەن، من بەشێوەیەکی ئینقلابی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم.

بەردەوام لە ناوچەوە ئاگادارمان دەکەنەوە کە دەوڵەت و ئەرتەش هیچ هەڵوێست و چالاکییەکیان نەبووە. ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری دیکە کردەوەی باشیان لێ نەبینم بەرپرسانی ئەرتەش و سوپا بە بەرپرس دەزانم.

**والسلام روح اللە الموسوی الخمینی**

**کەیهان، ٢٧ی گەلاوێژی ٥٨**

**دەقی فتوای خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا بەم چەشنەیە:**

**فەرمانی ئیمام خومەینی بە یەکەکانی زەوینی، هەوایی و دەریایی**

**ئیمام: بەبێ کوشتنی کات بڕۆن بۆ سنە**

ئەم دەستووورە نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەلایەن ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە (ئیمام خومەینی) دەرکراوە:

سەرجەم هێزەکان و بەتایبەت هێزی ئینتزامی سەرنج بدەنە ئەم دەستوورە:

**بسم الله الرحمن الرحیم:** هەر ئێستا ئەم هەواڵەمان پێ ڕاگەیشت کە لەسنە حیزبی دیموکرات، ئەرتەشییەکان و ڕێکخراوەکانی ئەوانی گەمارۆ داوەو ئەگەر تا نیو کاتژمێری تر یارمەتی نەگاتە ئەوێ چەکەکان دەبەن و لەمزگەوتی سنەوە ئاگاداریان کردینەوە کە حیزبی دیموکرات ژنەکانی ئێمەیان بەبارمتە گرتوە.

بەسەرجەم هێزە نیزامییەکان دەستوور دەدەم، بەپادگانی ناوەندەکان ڕابگەیەنن کە تا ڕادەی پێویست بەرەو سنە بچن و بەتوندی نەیاران سەرکوت بکەن. پاسدارانی شۆڕش لە هەرکوێ کە هەن تا ڕادەی پێویست بەرەولای سنەو تەواوی کوردستان بە خێرایی بچن و بەتوندی سەرجەم نەیاران سەرکوت بکەن.

درەنگ کردن تەنانەت بۆ ١ کاتژمێریش لادانە لە ئەرك و بەتوندی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکرێ. لەگەلی ئێران داوا دەکەم کە ئاگاداربن، هەرکام لە ڕاسپێردراوان لەئەرکی خۆیان لایان دا، بێ درەنگ پێمان ڕابگەیەنن.

چاوەڕێی ئەوەم کە تا نیو کاتژمێری تر لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە هەواڵی تەیارکردنی گشتی بەمن بگا.

**والسلام روح الله الموسوی الخمینی**

**کەیهان، ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨**

بۆ ئەوەی زیاتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بگەین لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند نموونە لە ئێعدام‌و تیربارانکردنەکان لە کوردستان پاش ٢٨ی گەلاوێژ و چەند کاردانەوەیەکی جیاواز بکەین:

١ــ بەرەبەیانی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی ٧کەس لە پاوە بەبێ ئەوەیکە دادگایی بکرێن‌و ڕۆژێك دواتر، واتە ٣٠ی گەلاوێژ دیسان ٩کەس دیکە لەکاتژمێر٦ی بەرەبەیاندا بەهەمان شێوە بەحوکمی خاڵخاڵی تیرباران کران.

٢ــ لەڕێکەوتی ١ی خەرمانانـدا "دکتۆر قاسملوو" ڕادەگەیەنێ کە بۆ وتوویژو دانیشتن لەگەڵ دەوڵەت ئامادەن، بەڵام دەوڵەت ئەم پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە. لەوڵامی ئەم وتەی دکتۆر قاسملوودا، "ئەحمەد ئازەری قۆمی" دادستانی گشتیی شۆڕشی ئیسلامی لە تاران ڕادەگەیەنێ کە: دکتۆر قاسملوو، مامۆستا شیخ عێزەدینی حسێنی، مەتین دەفتەری‌و مەرزبان دەبێت دەستگیر بکرێن‌و بڕیارەکەشی دەردەکا.

**کوشت‌و بڕ بەهەرشێوەیەك، لەئیعدامەوە بگرە تا تیرباران کردن، هێرشی نیزامی، کۆکوژی بەکەڵك وەرگرتن لەچەك گەلی باوو ناباو یا لەچوارچێوەیەکی تردا "بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەك کیمایی و فۆسفۆری‌و ژهرەو .... هتد" دەچێتە خانەی ژینۆسایدی سوورەوە**

# فەرمانی جیهاد یا تەکفیرو ئەنفالی نەتەوەیەك

## (بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد)

رامبود لوتفپووری

**سەرەتا:**

بابەتی ئەم وتارە شرۆڤەیەکی کورتی ئەو عەقلییەت یا ڕوانگەو ئایدولوژیایەیە کە لە پشت دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووەو هەنووکەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی پاشقەڕۆی ئایدۆلۆژیکدا بۆتە پاساودەری چەوساندنەوەو کۆت کردنی نەتەوەیەك. بۆ دەسپێکی باسەکە پێویستە ئاماژەیەك بەواتاو نێوەرۆکی هێندێك چەمکی وەك جیهاد، تەکفیر، ئەنفال و دەستەواژەگەلێکی پێوەندیدار بەوانەوە بکەین کە سروشت و گەوهەرێکی سیاسی بە ئیسلام دەبەخشن و وەك بابەتی دەسەڵات و حکوومەت وێنای دەکەن ئینجا بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەرك (فۆنکسیۆن)و واتای ئەو چەمکانە لەگەڵ فتوای جیهادی خومەینی و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد.

**جیهاد، غەزوە، ئەنفال و تەکفیر:**

جیهاد لە واتای ئایینی و قۆرئانییەکەیدا بۆ خەبات لە دژی حەزو ئارەزووە دەروونییەکانی خودی مرۆڤ بەکار دەچێ کە زیاتر لایەنێکی عیرفانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیهاد جگە لەم شێوە خەباتە دەروونییە کە بە پێی وتەیەکی پێغەمبەری ئیسلام بە جیهادی گەورە ناسراوە، خوێندنەوەیەکی دیکەشی لێکراوەو شێوازێکی دیکەشی هەیە بە ناوی جیهادی بچووك کە تەعبیر لە شەڕی دژ بە نەیارانی ئیسلام یا ناموسڵمانەکان دەکا. دەتوانین جیهادی بچووك یا شەڕی دژ بە مرۆڤە ناموسڵمانەکان کە بابەتی باسەکەی ئێمەیە لە دوو قۆناغی مێژووییدا شرۆڤە بکەین. یەکەم قۆناغی سەرەتایی دەسەڵاتدارێتیی ئیسلام واتە بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلام لە شاری مەدینە دایە کە زیاتر شەڕەکانی ئەم قۆناغە لە ژێر ناوی ((غەزوە))دا پێناسە دەکران، بۆیە دەڵێم قۆناغی بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلام لە شاری مەدینە، چونکە بەر لەوەو لە کاتێکدا کە موسڵمانەکان لە شاری مەککە بوون دەسەڵاتی سیاسییان بە دەست نەبووو هیچ چەشنە فەرمانێك سەبارەت بە شەڕو بەربەرەکانێی چەکدارانە دژ بە ناموسڵمانەکانی قورەیش نە لە ئایەتەکانی قورئان و نە لە قسەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا بەدی ناکرێ بەڵکوو مەبەست لە جیهاد لەو سەردەمەدا زیاتر جیهادی دەروونی و خۆ پاقژ کردنەوەیە لە حەزو ویستە دنیاییەکان.

لە هەموو دۆکیۆمێنتە مێژووییەکانی سەبارەت بە ئیسلامدا شەڕەکانی پێغەمبەر دژ بە نەیارانی وەك غەزوە ناودێر کراون و ئەگەر هێندێك شەڕیش پێغەمبەری تێدا بەشدار نەبووبێ بە ((سریە)) ناویان لێ براوە. واتە غەزوەکان هێماو فۆرمی ڕاستەقینەو بەرهەستی جیهادی بچووك یا سیاسین. هەر چەند پاساوی سەرەکیی شەڕەکانی پێغەمبەر، خەبات لە ڕێگەی خودا و دینی خودادا بووە، بەڵام بوونی هاندەری ئابووری وەك سەرەکیترین پاڵنەری ئەم شەڕانە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بۆ نموونە لە دوو شەڕی گەورەی مۆسڵمانەکان واتە شەڕەکانی ((بەدر)) و ((ئۆحۆد))دا، بوونی هاندەری ئابووری وەك هاندەری سەرەکی تەواو ڕوون و ئاشکرایە. لە شەڕی بەدردا موسڵمانان بۆ تالانکردنی کاروانی گەورەی بازرگانیی قورەیش و دەسکەوت و دەرباز بوون لە دۆخی نالەباری ئابووریی خۆیان لە مەدینە بۆسەیان بۆ کاروانەکە داناو تالانیان کرد لە شەڕی ئۆحۆدیشدا هۆکاری سەرەکیی شکستی مۆسڵمانەکان هەڵەو پەلەپەلی کەماندارەکان بوو کە بۆ کۆکردنەوەی دەسکەوت و بێبەش نەمان لە تالانەکەدا، شوێنە ستراتیژیکەکانی خۆیان بەجێ هێشت. کە وابوو لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێك لە سەرەکیترین پاڵنەرەکانی غەزوەکان یا جیهادی بچووك، هاندەری ئابووری و دەسکەوت یا ئەنفال بووە. ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە بەواتای دەسکەوت کە لە قۆرئاندا تەعبیر لەو دەسکەوتانەی دەکا کە موسڵمانەکان لە شەڕەکاندا بەدەستیان دەهێناو بۆیان هەبوو کەڵکی تەواویان لێ وەربگرن. دیارە ئەم شێوە شەڕ کردنانە لە پێناو دەسکەوت یا ئەنفالدا تایبەت بە سەردەمی ئیسلام نیەو درێژکراوەی کولتووری خێڵەکیی عەرەبەو ڕەگی لە شێوەی ژیان و ئابووریی خێڵەکیدا هەیە کە لە سەر بنەمای ڕاوروت بنیاد نراوەو پشت بە شەڕو تالان دەبەستێ، کەوابوو ئەنفال یا دەسکەوتی ماددی هاندەرێکی سەرەکی و یەکێك لە ڕەهەندە بیچمدەرەکانی غەزوەکان یا جیهادی بچووکە.

قۆناغی دوویەم پاش ئەوە دەست پێدەکا کە پێغەمبەری ئیسلام کۆچی دوایی دەکاو بە هۆی ململانێی دەسەڵاتەوە خوێندنەوەی جیاواز لە حەقیقەتی ئیسلام و بڕوای ئیسلامی دێنەگۆڕێ. ئەم جیاوازی و ناکۆکییانە دواتر لە چوارچێوەی چەمکی ((تەکفیر))دا تیۆریزە دەکرێن و لە شەڕوپێکدادانی چەکدارانەدا دەچنە قۆناغی پراکتیکەوە. تەکفیر واتە بە کافردانان لەو کاتەوە دەبێتە چەمکێکی گرینگ و بابەتێکی جێگەی سەرنج کە لایەنە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکان بە خوێندنەوەیەکی ڕەها لە حەقیقەتی ئیسلام و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، ئاکارو تێگەیشتنی خۆیان لە ئیسلام بە تاکە ڕێگەی ڕاست و حەقیقەتی ڕەها دادەناو ئەوانی دیکەیان بە لادەر لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام و کافر لە قەڵەم دەدا، واتە تەکفیریان دەکردن. لە ڕاستیدا تەکفیر پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی ئایینی بوو کە ڕەوایی بە شەڕو کوشتاری بڕوامەندان و مۆسڵمانانی جیابیر دەدا. ئەمەش ڕاست بە پێچەوانەی ئەو خوێندوەیە لە جیهادو غەزوە بوو لە سەرەتای ئیسلامدا کە تەنیا شەڕ کردن لە دژی نەیارانی ئیسلام و ناموسڵمانەکانی بەڕەوا دەزانی. بە دروست بوونی ئایینزاکانی شێعەو سوننی و ئەو لك و بەشانەی لێیان جیا بوونەوە، تێزی تەکفیر پتری پەرە ئەستاندو ناکۆکی و بەرەوڕوو بوونەوەکان ڕەنگێکی توندتریان بە خۆوە گرت. لە سەردەمی ئێستادا چەمکەکانی جیهادو تەکفیر سەرەکیترین ژێرخانی ئیسلامی سیاسی و بناژۆخوازیی ئیسلامی پێك دێنن.

لە تەنیشت ئەم چەمکانەدا بابەتێکی دیکە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و دەتوانێ وەك بەڵگەیەك سەلمێنەری گریمانەی باسەکەی ئێمە بێ، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی موسڵمانەکان یا باشترە بێژین بۆچوونی بیرمەندانی ئیسلامی لە سەر بابەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی سیاسیی مۆسڵمانەکان لەگەڵ نامۆسڵمانەکان و بەشدار کردنیانە لە سیاسەت و دەسەڵاتدا، ئینجا بەراورد کردنی ئەو بۆچوونانە لەگەڵ سیاسەت و پراکتیکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. توێژەری کورد ((شێرکۆ کرمانج)) لە کتێبی ((بە سیاسی کردنی ئیسلام))دا بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوە و دۆکیۆمێنتی بیرمەندانی ئیسلامی، لەو بوارەدا نموونەگەلێك دەخاتە ڕوو کە لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەم:

((ماوردی کە باس لە ڕۆڵی غەیرە موسڵمانان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا دەکا، جەخت لە سەر ئەوە دەکا، کە غەیرە موسڵمان بۆی هەیە پۆستی باڵا بۆ نموونە وەزیر، وەرگرێ بە مەرجێك ئەرکەکانی لە بواری (کەتەگۆری) جێبەجێکردن تێ پەڕ نەکا. کەچی ئیبنی تەیمییە ئەو ڕۆڵەش بە شایستەی غەیرە موسڵمان نابینێ... و ڕێگە بە غەیرە موسڵمانان نادا هیچ پۆستێکی سیاسی یا سەربازی وەربگرن)).[1]

((حەسەن بەننا لەو باوەڕەدایە، هیچ پۆستێکی گرنگ نابێ بدرێ بە غەیرە موسڵمانەکان، چونکە وەك خۆی گوتەنی، لەوانەیە ببێتە مایەی زیاد بوونی هێزو دەسەڵاتیان.))[2]

((قەرەزاوی لەو باوەڕەدایە، ژمارەی غەیرە موسڵمانان و ژنان لە پارلەماندا هەرگیز نابێ لە زۆرینە تێپەڕ بکاو ڕۆڵی یاسادانانیشیان نابێ بە هیچ جۆرێك پێ بسپێردرێ.))[3]

لێرەوە دەچینە نێو بابەتی بەراورد کردنی ئەو بۆچوون و چەمکە ئیسلامییانە لەگەڵ گەوهەری سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت فتوای جیهادی خومەینی دژ بەو نەتەوەیە.

**فتوای جیهادی خومەینی و سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کورد:**

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران فتوای جیهاد دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەکاو دوابەدوای ئەوە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە هەڵ دەکوتێتە سەر نیشتمانی کوردو خاکی کوردستان دەکاتە گۆڕەپانی شەڕێکی داسەپاوی داگیرکەرانە کە بە هەزاران ڕۆڵەی کوردی تێدا بوونە قوربانی و کوردستانیش بوو بە کۆلۆنیی دەسەڵاتێکی داگیرکەری بیانی. لەو کاتەوە تا ئێستا سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کورد درێژەی هەمان عەقڵییەتی پشت فتوای جیهادو ستراتێژیی کۆلۆنیالیستانەی ڕێژیمە لە کوردستاندا.

وەك لە پێشدا باسم کرد، جیهاد لە واتای غەزوە یا جیهادی بچووك لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا تەنیا بۆ شەڕو بەربەرەکانێی نەیارانی ئیسلام یا ناموسڵمانەکان ڕەوا بووە، نەك بۆ لێدانی باوەڕداران و موسڵمانەکان کەچی لە قۆناغی پاش پێغەمبەردا بە هۆی خوێندنەوەی جیاواز لە ئیسلام و هاتنە ئارای هێندێك چەمکی وەك لادەر لە ئیسلام و تەکفیر کردنی بڕوامەندانی جیابیر، ڕەوایی بە شەڕو جیهادی دژ بە بڕوامەندانی جیابیر دراو مەملەکەتی ئیسلامی بوو بە شانۆی دەیان و سەدان شەڕو بەربەرەکانی لە نێوان موسڵمانەکاندا. کەوابوو کاتێك کە ڕێبەرێکی ئایینی و سیاسیی وەك خومەینی فتوای جیهاد لە دژی کورد دەردەکا پشت بە هەمان لۆژیکی قۆناغی پاش سەردەمی پێغەمبەر دەبەستێ و بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان موسڵمانی سوننین و هێندێکێش باوەڕدارانی یارسانین، بە تەکفیر کردنیان فەرمانی کوشتارو لەنێوبردنیان دەردەکا. بەم شێوەیە خومەینی کارەکتەرێکی ئایینی بە سیاسەتی کۆلۆنیالی و داگیرکەرانەی حکوومەتەکەی دەداو تەکفیری کوردان و لادانیان لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئیسلام دەکاتە پاڵپشت و پاساوی سەرکوتی بێ بەزییانەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد. بۆیە دەتوانین بێژین هەرچەند کە شەڕی خومەینی و کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا دژ بە شوناس و ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بوو بەڵام بە دەرکردنی ئەو فتوایە بەرگێکی ئایینی بە بەر ئەو شەڕە داسەپاودا دەکاو ڕەوایی بەو هەموو تاوان و کوشتارە دەدا کە پاسدارانی ڕێژیم و خوێنمژانێکی سادیستی وەك خەڵخاڵی و لاجەوەردی لە کوردستاندا بە ئاکامیان گەیاند.

وەك وتمان فتوای جیهاد لە دژی باوەڕداران و موسڵمانانی جیابیر لە مێتۆدەکانی ئایینی ئیسلامدا، سەرەتا پێویستیان بە تەکفیر کردنیان هەیە، کەوابوو هاوکات لەگەڵ دەرکردنی فتوای جیهاد لە دژی کوردان، تەکفیریش کراون و بە لادەر لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام و کافر لە قەڵەم دراون بەڵام ئاماژەم بە چەمکێکی دیکەش کرد کە پێوەندییەکی گەوهەری و دانەبڕاوی بە چەمکی جیهادەوە هەیە، ئەویش چەمکی ئەنفال بوو. چونکە بە پێی بەڵگەنامەکانی ئایینی ئیسلام و بە تایبەت قورئان، دەسکەوتەکانی غەزوەکان یا بێژین جیهاد بۆ موسڵمانانی جیهادی، ئەنفالن و بۆیان هەیە کەڵکی تەواویان لێ وەربگرن کەواتە دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی ناڕاستەوخۆ دەرکردنی فەرمانی ئەنفالی خەڵکی کوردیش بووەو ڕێگەی بۆ تالان و کوشتاری ماڵ و گیانی خەڵکی کورد بە ڕووی پاسدارە بەناو جیهادچییەکانیدا دەکاتەوە. بۆیە دیتمان و دەبینین کە ماڵ و گیان و نامووسی تاکەکانی کورد بە هەموو شێوەیەك و بە بێ سنوور دەکەونە بەر شەپۆلی دەستدرێژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. کوشتاری خەڵکی سنە لە شەڕی یەك مانگە، ژینۆسایدی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان و ئیندرقاش، ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، ئیعدام و ئەشکەنجەو دەستدرێژی کردنە سەر کوڕان و کچانی خەباتکاری کورد لە بەندیخانەکانی ڕێژیم (کە بە پێی دوایین ئامارە بڵاوکراوەکان هەنووکەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەڕێوە دەچن) و سەدان تاوانی دژە مرۆڤانەی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە خومەینی و پاسدارەکانی نەتەوەی کوردیان بە کافر داناوەو پێشێل کردنی سروشتیترین مافەکانی ئەو نەتەوەو سەرکوتی ویستە ڕەواکانیان بە جیهاد لە قەڵەم داوەو ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئیسلا می لە ژێر ناوی جیهاددا دیماگۆگانە خەڵکی ئێرانیان بۆ شەڕو کوشتاری کوردان هانداوە.

هەروەها ئاماژەم بە بۆچوونی هێندێك بیرمەندی ئیسلامی وەك حەسەن بەننا، ماوردی، قەرەزاوی و ئیبنی تەیمیە کرد کە چ ڕێنوێنییەك دەدەن بۆ چۆنیەتی بەشدار کردنی ناموسڵمانەکان لە کاروباری سیاسی-دا. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەو بۆچوونانەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەردەمی فتوای خومەینییەوە تا ئێستا لە کوردستان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە عەقڵییەتی تەکفیری کوردان هەتا نهاژی هەر بەردەوامە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ڕێگە بە کوردان بە تایبەت سوننی و یارسانەکانیان نادا کە پۆستە بەرزەکانی وەك ڕێبەری و سەرکۆماری وەربگرن بەڵام لە دەرەوەی یاسای بنەڕەتییش، کۆماری ئیسلامی نەك لە ئاستی وەزیرو پلەو پایەی بەرزی حکوومەتی ناوەندیدا بەڵکوو لە ئاستی بەڕێوەبەریی بەرزی لۆکاڵیی ناوچە کوردنشینەکانیشدا ڕێگە بە تاکەکانی کورد نادا کە پۆست وەربگرن. لە پەرلەمانیشدا کەمترین ڕێژەیان هەیە. کەواتە چ لە ئاستی سیاسەتداڕێژی و چ لە ئاستی بەڕێوەبەریدا کورد بە هاووڵاتی پلە دوو دێتە ئەژمارو وەك ناموسڵمانێك سەیر دەکرێ.

**ئاکام:**

لە نێوەرۆکی ئەم بابەتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە سەروویانەوە خومەینی دیماگۆگانە بەرگی ئایین بە سەر سیاسەتی سەرکوتی خەباتێکی مافخوازانەو بزاوتێکی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییدا دەکەن و خەڵکی ساویلکەی دەوروبەریان بۆ شەڕو کوشتارێکی نامرۆڤانە هان دەدەن.

هەروەها تێ دەگەین کە ئێمەی کورد لە بەرامبەر چ سیاسەتێکدا جێمان گرتووەو دەسەڵات چ ڕوانگەیەکی بەرامبەر بە ئێمە هەیە. فەرمانی جیهاد تەنیا شەڕێکی داگیرکەرانەی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو ئێمە لە هەمان کاتدا کە بڕیاری کوشتارمان دراوە، تەکفیر کراوین، ئەنفال کراوین و لە ئێراندا هاووڵاتییەکی پلە دووو کەسانێکی ناموسڵمانین کە تەنیا مافی ژیانێکی سووکی ژێردەستەییمان هەیە. دوور نیە ئەگەر لە داهاتوودا داوای "جزیە"شمان لێ بکەن.

**فەرمانی جیهاد تەنیا شەڕێکی داگیرکەرانەی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو ئێمە لە هەمان کاتدا کە بڕیاری کوشتارمان دراوە، تەکفیر کراوین، ئەنفال کراوین و لە ئێراندا هاووڵاتییەکی پلە دووو کەسانێکی ناموسڵمانین کە تەنیا مافی ژیانێکی سووکی ژێردەستەییمان هەیە. دوور نیە ئەگەر لە داهاتوودا داوای "جزیە"شمان لێ بکەن**



پەراوێزەکان:

**١ـ کرمانج شێرکۆ، بە سیاسی کردنی ئیسلام چاپی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥، لاپەڕەی ١٦٧**

**٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩**

**٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩**

# جینایەتێکی شەرماویی لە دژی مرۆڤایەتی

کوێستان فتووحی

"مەگەر بمرم لەبیرم بچێتەوە. جێ‌برینی داخ کردن و شکەنجە جەستەییەکانم هەر ئەو کاتە لە زیندان بەربووم سارێژ بوونەوە، بەڵام برینێك کە تامردن بە سەر رووحمەوەیە و سارێژ نابێتەوە، دەستدرێژیی جینسیی بازجووەکانی زیندانە ... بەو کارەیان ویستیان بمرووخێنن، هەر واش بوو رووخام بە یەکجاری رووخام ....."

ئەوە قسەی ژنێکی زیندانیی سیاسیی دەیەی ٦٠ی کۆماری پڕلە تاوان و جینایەتی ئیسلامییە.

دوای بڵاو بوونەوەی نامەکەی کەڕووبی بۆ هاشمیی رەفسەنجانی سەرۆکی کۆڕی بەرژەوەندییەکانی نیزام، سەبارەت بە دەستدرێژی جینسی بۆ سەر ئەو کچ و کوڕانەی کە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە خۆپیشاندانەکان دا گیران، لەلایەن بەرپرسانی و بازجووەکانی زیندانەوە، ئەو مەسەلەیە لە راگەیەنەکاندا کاردانەوەیەکی بەرینی لێ‌کەوتەوە و تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیشی وەقسە هێنا و بە توندی بەرپەرچی قسەکانی کەڕووبییان دایەوە و داوای بەڵگەیان لێ‌کرد

مەسەلەی دەستدرێژیی جینسی تاوانێك نیە تەنیا ئەمڕۆ لە رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا رووی دابێ. بەڵکوو ئەم جینایەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو رێژیمە. ئەو بیرەوەرییانەی زیندانیانی سیاسیی لە ئێراندا کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە زیندان رزگاریان بووە و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتدا ژیان بەسەر دەبەن، سەلمێنەری ئەو جینایەتانەن کە رێژیم لە دژی ئازادیخوازان بەرێوەی بردوون. بەڵام تا ئێستا سەرانی ئەو رێژیمە لە ئاست هەموو ئەو قسانە و ئەو بەڵگانەی لەلایەن خودی زیندانیانەوە بڵاو بوونەتەوە، خۆیان بێدەنگ کردبوو، تەنانەت حازر نەبوون بەدرۆشیان بخەنەوە. بەڵام ئەمڕۆ وورووژاندنی ئەم مەسەلەیە لەلایەن کەڕووبییەوە کە بۆخۆی ساڵانێکی زۆر لەسەر کورسیی دەسەڵاتی ئەو نیزامە جینایەتکارە بووە، دەرخەری ئەو راستییەو زۆر جینایەتی دیکەی شاراوەی ئەو نیزامەیە.

مەبەست لە دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر زیندانی، شکاندن و رووخاندنی کەسایەتیی خەباتکارانەی ئەو ئینسانەیە کە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێك ئینسانی نەخۆش و تێکچوو لە باری هەستە ئینسانییەکانەوە. نینا ئەقدەم (ئازەری ئالی کەنعان)، زیندانیی سیاسیی دەیەی ٦٠ دەڵێ بازجووەکە هەستی کرد بە شکەنجەکانی دیکە ناتوانێ بە نیازەکانی بگا، بۆیە ویستی لە رێگەیەکی دیکەوە هەستە گڵاوەکانی دامرکێنێ، پێی وتم " تۆ لەدەرەوە زۆر سەرت بەرز بوو، کاتێك بە رێدا دەرۆیشتی هەستت بە غرووری دەکرت. دەبێ کارێکت بەسەر بێنم ئیدی رووت نەبێ لە دەرەوە سەرت بەرز راگری و قەتیش لەبیرت نەچێتەوە، هەر واش بوو بەراستی من رووخام و قەتیش ئەم بیرەوەرییەتاڵە لە دەروونی مندا ناسڕێتەوە".

بۆ سەلماندنی بوونی ئەم کردەوە نائینسانییە لە زیندانەکانی رێژیمی ئیسلامیدا نموونەیەك لە رەوایی دان بەم کردەوەیە لەلایەن ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانەوە، دێنینەوە، تقی مصباح یەزدی یەکێکە لە ئاخوندە کۆنەپەرستەکان و مەرجەعی تەقلیدی زۆر لە لایەنگرانی نیزامە کاتێك، لێی دەپرسن ئایا ئێعتراف وەرگرتن لە ژێر فشار و شکەنجەی رووحی و جەستەیی‌دا ئێعتباری هەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێ : "ئێعتراف وەرگرتن لە نەیارانی ویلایەتی فەقیە بە هەر شێوەیەك بێ رەوایە". لە وڵامی پرسیارێکی دیکەدا کە دەستدرێژی پێ‌کراو ئەگەر ژن بێ و حامیلە بێ، منداڵەکەی حەرامزادەیە؟ دەڵێ: " منداڵی زەعیفەی دژ بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە بە پێی بەندێك لە ئایەتی قورئانی مەجید لە هەر حاڵدا ئەو منداڵە چ لە بازجوو بێ چ لە مێردەکەی، حەرامزادەیە، بەڵام ئەگەر بازجووەکە قبووڵی منداڵەکە بکا و بە هی خۆی بزانێ ، بە پێی واجبات حەڵاڵزادە و شیعەی ئەسناعەشەرییە". لە وڵامی ئەم پرسیارەشدا کە دەستدرێژی بۆ سەر کچ (باکرە) لە زینداندا دا چ پاداشێکی هەیە، دەڵێ: " ئەگەر قەرار بێ ئەو کچە ئێعدام بکەن، بۆ بازجوو بە رێژەی حەجێکی "تمتع" ئەو کردارە خێری هەیە و هەر بەو رێژەیەش بە تاوانەکانی کچەوە زیاد دەبێ. بەڵام ئەگەر ئێعدام نەکرێ بە رێژەی زیارەتێکی کەربەلا بۆ بازجوو سەوابی هەیە. ئایا بەڵگە لەمە روونتر کە رۆژێك هەر بۆخۆیان بە رەوای دەزانن و ئایەت و حەدیسی بۆ دێننەوە بۆ بەڕێوەبردنی ، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئاشکرا بوونی مەرگی کۆمەڵێك کچ و کوڕی بێتاوان بە هۆی ئەم کردەوە نائینسانییەوە، لە ترسی ریسوایی زیاتری حکوومەتەکەیان کەوتوونەتە پەلەقاژە بۆ بەدرۆخستنەوە و حاشاکردن لە جینایەتەکانیان. ئایا ئەمە بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی نیە؟

ئەگەر سەرنج بدرێتە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەم نیزامە جینایەتکارە هیچکات و لە هیچ فرستێك درێخیان نەکردوە بۆ نیشاندانی جینایەت و تاوانەکانی مەئموورەکانی رێژیمی شا لە نێو چاڵەرەشەکان ، بەڵام ئەمڕۆ کەسێکی وەك کەڕوبی ، دەڵێ: "گومانم هەیە تەنانەت لەو دەورانەشدا هیچ زیندانییەك جینایەتی لەم شێوەیەی دیبێ و بیستبێ کە ئەمڕۆ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەسەر زیندانیانی دێنن. کەڕووبی ئەوە بە فاجعەیەك بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی دەزانێ و دەڵێ ئەوە لاپەڕێکی رەش و شەرماوییە و رووی زۆر لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و تەنانەت رێژیمی زاڵمی شای سپی کردۆتەوە."

دەستدرێژی جینسی تەنیا شکەنجەیەکی جیسمی نیە یەکێکە لە خراپترین و شەرماویترین رەفتاری مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ. هەر بۆیە ئەوانەی ئەم سووکایەتییەیان پێ‌دەکرێ تووشی شڵەژان و تێکچوونی باری دەروونی دەبن. بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر لەو ژن و پیاوانەی دەستدرێژیی جنسییان کراوەتە سەر بەڵام بە هۆی شەرم کردن لەوەی کە بەسەریان هاتوە ناتوانن قسەی لێ‌بکەن. لەبەر ئەوەی ناتوانن باس لە ئازارەکەیان بکەن وردەوەردە هەست بە رووخاوی دەکەن، باوەڕبەخۆبوونیان تێ‌دا لەدەست دەچێ. ئەوانە پێویستیان بە رەوان دەرمانی هەیە، بەڵام رەواندەرمانی کاتێك دەکرێ کە دەستدرێژی پێ‌کراو لە کۆمەڵگەکەدا قبووڵ بکرێ. زۆرن ئەوانەی بەم ئازارەوە دەتلێنەوە تەنانەت ناتوانن لەلای نزیکترین کەسەکانی خۆیان باسی بکەن، ئێرە قووڵایی کارەساتەکەیە.

بەرپرسی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن دەڵێ: جۆری ئەو رفتارانەی باسی کراوە نیشاندەری ئەوەیە کە قوربانییەکان بە توندترین شێوە سووکایەتییان پێ‌کراوە، ئەگەر ئەم تاوانانە راست بن، دەبێ بەرپرسان هەرچی زووتر وڵامدەر بن. "ایرنە خان" داوای لە رێبەری رێژیمی ئیسلامی، عەلی خامەنەیی کردوە وەدرۆخستنەوەی رەسمی ئەم خەتایە بەس نیە و بۆیە دەبێ هەرچی زووتر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی جیدی بکرێ. بەرپرسی رێکخراوی ناوبراو ئەوەشی راگەیاندوە کە ئەگەر ئامانج راکیشانی بڕوا پێکردنی ناوخۆیی و دەرەوەییە، رێبەری رێژیم دەبێ هەیئەتێك لە کارناسانی سەربەخۆی نێونەتەوەیی بۆ ئێران دەعوەت بکا تا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بکەن.

قسەی کۆتایی ئەوەیە ئەگەر رێژیمی ئێران ئەوەش قبووڵ نەکا و رێگە بە هەیئەتێکی لەو شێوەیە نەدا، خەڵکی ئێران ئەوندە وشیار بوونەتەوە کە نائومێد نابن و لە ئاست کردەوە پڕ لە شوورەییەکانی ئەو رێژیمەدا سەر نەوی ناکەن و هەر بە هێزی یەکگرتوویی خۆیان دەتوانن بەچۆکی دابێنن. ئەوە هێز و باوەڕی خەڵکە ئەمڕۆ کرووبی هێناوەتە سەر ئەو باوەرە و دەڵێ ئەوە لاپەڕەیەکی رەشە بە نێو چاوانی نیزامەوە.



بۆ نادرنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:
komelayeti@hotmail.com

## سۆژنە

# هەڵی نەگری خودایە !

عەلی بداغی

شیرین عیبادی، خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل و مافناس و پارێزەر، ٧ساڵ لەوەپێش و لە بەرگرینامەکەی کوژرانی زەهرا کازمی‌دا وەك یەکێك لە پارێزەرانی پەروەندەکە بە ئاشکراو زۆر بە روونی گوتی:" باشە ئەگەر سەری زارا لە شتێکی قورس کەوتوەو پێی مردوە، بەڵام پێم ناڵێن کە بۆچی بەشێکی تایبەت لە جلوبەرگەکانی ئەو خوێناوی-یە؟"

شیرین عیبادی ئەو کات زۆری هەوڵ دا مەسەلەی دەستدرێژی کردنە سەر بەندییە سیاسی و غەیرە سیاسییەکان بکاتە پرسێکی رۆژەڤی حقووقی و سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، بەڵام هاواری ئەو زۆری بڕ نەکرد، هەتا ئەوەی کە کەڕووبی دووحەوتوو لەوەپێش لە نامەیەکی لە قاودەرانەدا پەردەی لەسەر جینایەتێکی شاراوەی دیکەی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرهەق بە خەڵکی ئێران، ئەویش لەهەمبەر بێ دەسەڵات و مەزلوومترین کەسەکان، واتە بەندییە چارەرەشەکانی نێو چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی لا دا.

مێژووی دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان لەو رێژیمەدا بۆ سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتن و پاکانە حیسابیان لەگەڵ حیزب و رێکخراو وکەسایەتی‌یە جودابیرو نەیارەکانیان لە زیندانەکان دا، ئەویش بە پاساوی ئایینی و شەرعی دەگەڕێتەوە.

هاواری پڕبەگەرووی ئەو کچان و ژنان و تازە لاوانەی لە زیندانەکانی رێژیم داو لەلایەن بازجوو و زیندانڤانەکان را دەستدرێژیی جینسی‌یان کرابووە سەر و دوایە ئازاد کرابوون، ئەگەرچی جەرگبڕو راتلەکێنەر بوو، بەڵام کەم کەس بیستیان و لە بیریان ما، کەچی زۆربەی ئەوان لە پەژارەدا خۆیان کوشت. ئەگەرچی ئەو پرسە ئێستا چوارچێوەکانی زیندانی بەزاندوەو لە نێو میدیاکان و کۆڕو کۆبوونەوەی خێزان و گرووپ و کۆمەڵەکاندا باسی رۆژڤەو پێدەچێ وەها لە قاودان و ئاشکرا بوونی ئەو جینایەتانە شەرعییەت و رەوایی ئەو نیزام و رێژیمە زیاتر لەوەش بباتە ژێر پرسیار. بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا چەند خاڵێکی جێی سەرنج هەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

ـ بەهەڵە وا دێتە بەرباس کە دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان بۆ چێژوەرگرتن و دابینکردنی ویستە جینسی‌یەکانی دەستدرێژیکەر دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە خوێندنەوانە لەوەها کردەوەیەك زۆر هەڵەیە و یارمەتی بە دابەزاندنی ئاستی تاوانەکەو سڕینەوەو لە کۆڵ کردنەوەی بەرپرسیارەتیی ئەو جینایەتە لە نیزام و دەسەڵات دەکا. چونکی لەوانەیە کە کەسی دەستدرێژیکەر لەکاتی ئەنجامدانی دەستدرێژی کردنەکەی چێژو خۆشیی پێ بگا، بەڵام لەبنەڕەت دا دەستدرێژی کردنەکە وەك ئەشکەنجەو بەمەبەستی توندوتیژی نواندنی لەو پەڕی خۆی دایە کەروو دەدا، نەك ئەوەی ئەو کەسە دەستدرێژی کەرە بیهەوی شەهوەت و ئیشتیای جینسیی خۆی دا بمرکێنێ. بەڵگەش بۆ ئەوە بەسەرهات و گێڕاوەکانی ئەو زیندانییانەیەکە دەستدرێژییان کراوەتە سەرو دوایە ئازاد کراوان:" باز جووەکە لێم هاتەپێش و گوتی بیستوومە کە دەڕۆی سەرت زۆر بەرزرادەگری، بەغرورو متمانە بە خۆوە هەنگاو دەنێی، ئەمن ئێستا دەمەوێ ئەو غروور ومتمانە بە خۆ بوونەت لێ بستێنم، دەمەوێ وەها وردو خاشت کەم لەرووت هەڵ نەیە لە هیچ کوێ سەر هەڵێنی..."( بەسەرهات زیندانەییەك بە ناوی نیناکە لە زیندان دا دەستدرێژی کرابووە سەر)

ــ دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان چ کچ، چ کوڕ، جۆرێکی تایبەت لە ئەشکەنجەیە. لەو ئەشکەنجەیەدا قوربانی هەم لە رووی جەستەیی یەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، هەم لەرووی رۆحی و دەروونی‌یەوە وردوخاش دەکرێ. ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە تایبەت بۆ رووخاندنی کەسایەتیی کەسی پەلامار دراوو بە تاڵ کردنەوەی لە کەڕامەت و بوێری و متمانە بەخۆبوونی ئەوە کە رەچاو دەکرێ و کەسی دەستدرێژیکەریش چێژی سادیستی و دەستخۆشانەی بریاردەرانی ئەو جینایەتانەی پێ دەبڕێ.

ــ مەبەستێکی دیکەی بڕیاردەران و جێبەجێکەرانی ئەو جینایەتە تۆقاندنی خەڵك و زراو بردنی نەیاران و چاوترسێن کردنی بەرهەڵستکارانی رێژیمە تا لە ترسی ئابڕوو چوون و تووش نەبوون بەوەها چارەنووسێك سەری خۆیان بەردەنەوەو واز لەبەرەنگاری و خەبات و بەر خودان بێنن.

ـ رێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا رێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕوو دژی گەلی نیە، لەوانەیە لە زۆر نیزام و رێژیمێك دا و بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵات لەزیندانەکاندا ئەشکەنجە هەبێ، لێدان و هەڵواسین و تەنانەت نینۆك کێشان و ئوتوو کردنیش هەبێ، بەڵام دەستدرێژی کردن بڤەیەکە کە پێوەندی بە ناموس و کەڕامەت و کەسایەتیی مرۆڤەوە هەیە و هیچ ئەشکەنجەگەرێك مل بەوەها کردەویەکی درێو نادا. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامی لە جۆرێکی ترن و بۆ پاراستنی نیزام و بەرژەوەندییەکانیان هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤی‌یان پێخوست کردوەو هەر بەهاو بایەخێکی مرۆیی، دینی و ئەخلاقی لە لای ئەوان پووشێك ناهێنێ‌و تەنیا ئامانج و حوججەت لای ئەوان جێبەجێ کردنی وەسیەتی خومەینی‌یە کە گەلێك جار دەیگوت: پاراستن و راگرتنی ئەو نیزامە لە هەموو شتێك و هەموو مەبەستێك گرینگترە.

# ملوانکەیەک لە هزری جوان

**دایکی هانا**

"کتێبی ملوانکە" یەکێك لە تێکستە ئەدەبییەدرێژەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیرە. ئەم تێکستە دەقێکی کراوەیە واتە دەکرێ بڵێین هەم شێعرە، هەم چیرۆك و پەخشان و هەم پەخشانە شێعرە. ئەم ملوانکەیە هەروەك شاعیر بۆخۆی دەڵێ: "کتێبی ژنە، کتێبی ئەو دونیا خۆڵەمێشیی و بە ژەنگو ژارو پڕ لە زریکەو هاوار هاواری ئەوانەی چ لەم وڵاتەداو (مەبەستی کوردستانە) چ لە ڕۆژهەڵاتی تاریکی ئیسلامی دا".

شێرکۆ بێکەسی شاعیر زۆر باش هەستی بە ئاهوناڵەو ئازاری مێینەکانی ئەم وڵاتە کردوە. هەر بۆیە لەو دەقە والآیەدا باس لە ژن، لەو گوڵە ناسکانەی پێدەشتی نیشتمان دەکا کە بە دەستی ڕەشی "نێرەبای ئەم نیشتمانە هەڵ دەوەرن‌و پرچە ژاکاوەکانیان ژێر پێی شەرەف! دەکەون. باس لەو "هەورە مێیانە" دەکا کە پڕبوون لە "شەستە باران‌و چەخماخە"ی هەورە تریشقە، بەڵام "نێرەبای عەشق کوژی نیشتمان رای دان"و عەشقی پەڕ پەڕ کردن‌و جەستە هەورینەکەیان فڕێ درانە نێو کەندەڵان‌و دەریاچە پیرۆزەکانی نیشتمان! ەوە.

بێکەس ئاشنایە بە "زمانە زبرو زاڵەکانی پیاوە لەخۆباییو دەروون پڕ لە گرێکان" کە ژیانی ژنیان کردۆتە ژان. ئەی ئەوە قسەی زبرو زاڵ نیە؟! بێدەنگ بە! جێگەی تۆ تەنیا نێو مەتبەق‌و نێو پێخەفە.

شاعیر بە وشەکان زۆر جوان تەعبیر لە ژیانی ئێمەی مێینەی ئەم وڵاتە دەکا و دەزانێ ماڵە پڕو رازاوەکان، رووت و هەژارەکان فەرق ناکا وەك یەك پڕن لە دەرد و ژان بۆ ژن. ئەو دەزانێ شووشەبەندی دڵی هەر ژنێك چاولێکەی داڕووشاوو قونجڕ قونجڕە.

من نازانم بێکەس چۆن خۆی لە ناخی هەمووماندا حەشار داوە یان ئێمە بە رازداری خۆمانی دەزانین و هەموو شتێکمان بۆ درکاندوە؟ ئەوە نیە داستانی ترسی یەك بە یەکمان لە گومانی براو باوکمان بە ملوانکەی وشەکانی دێنێتە سەر دڵی کتێبی ملوانکە!.

کێ وەك بێکەس دەتوانێ بە وشە پڕ لە ماناکانی تابلۆی ژیانی درەختە مێ پەرژین لە دەورەکان بکێشێتەوەو وەیشوومەی ئازاریان و قرماغەی برینەکانیان بە توێژێك مەلحەم داپۆشێ. من نازانم ئەم پیاوە چۆن ئاوا هاتۆتە نێو "قۆزاخەی پەمۆی ئازاری" ئێمەوەو هەموو غەدرەکانی ئاوا ریز کردوون و کردوونی بە ملوانکەیەکی درێژ. خۆ ئەو خوا نیە مەگەر هەر خوا ئەم هەموو غەدرە ببینێ، چونکە خوا خۆی فریای هەموو ئەو غەدرانە دەکەوێ نازیان بکێشێ. غەدر نێرەو ئێمەش دەزانین خوا نازی نێر دەکێشێ.

من دەزانم ئەگەر بێکەس پیاو نەبوایە ئێستا ئەویش وەك ژنە خەندانەکە شاربەدەر دەکرا. ئەی خوایە لە نێو ئەو هەموو موورەوە مێیە تاك تاك موورووییەکی خەندانمان لێ هەڵ دەکەوێ و سەردەق دەشکێنێ و خۆ دەکا بە نێو ئەو گەڕەکانەی کەس ناوێرێ خۆیان لێ دا بەڵام بە "دەمانچەی بەڕێوەبەری ئاسایشی دەسك زێڕین" هەڕەشەی مردنی لێدەکرێ: ئەوە رازەکانمان ئاشکرا دەکەی عەقڵ نوقسان؟! تۆ سەربە هەموو کون و کەلەبەرێکی شاری من دا دەکەی؟ تۆ تەنیا "دەبێ سەربە نێوجێ و بە نێومەنجەڵ دا بکەی"!

من دەزانم ئەو بێکەسەی کەسی ئێمە ئاگای لە قرچە قرچی سووتانمانە، لە سەربڕین و لووتبڕین و لە دڵداریشمانە کەواتە بۆ ئەوە دەبێ بڵێین بێکەس هاوڕێمانە، رازدارمانەو خەمخۆریشمانە.

بۆیە دەڵێم مامۆستا گیان دەك دەستت خۆش بێ بۆ هۆنینەوەی ئەم ملوانکە جوانە، ملوانەیەك بۆ ملی ئازادی و یەکسانی بێ دەبێ نرخی چەند بێ؟

دەبا قەڵەمە ڕۆژنامەنووسە پیاوەکان ڕاستگۆ بن. لە دەرەوە باس لە یەکسانی نەکەن و لە ماڵیشەوە دەست بنێنە بینە قاقای ئازادی و بیخنکێنن.

ببوورن وشەکانم بۆ ئەوانەی لە گۆمی نەشڵەقاوی بۆگەن دا گیریان کردووە تۆزێ زبرن. من لەمێژە دەمەوێ ببمە "باڵندەی دەم باو باوەش بکەم بە محاڵ دا" ئەگەر وشەکانم بۆ ئەوان زبرن با بزانن من دەمێکە یاخیم. ئێستاش لە سۆزی ملوانکەکەی شێرکۆ بێکەسەوە ئەم یاخی بوونە دەمەزەرد دەکەمەوە.

ئەوە نیە ملوانکەکە پێم دەڵێ "ئەو بێدەنگییەت لە کوشتن و سەربڕینت ترسناکترە! ئەم مەنگییەت لە خنکانت ئەستەمترە".

ئەوە نیە دەڵێ "تا لەشی خۆتان نەدەنە دەست یاخیبوون، سەرتان نافڕێ و هەتا برینەکانمان سەرلە نوێ نەکولێنەوە ژیان سارێژ نابێتەوە!"

ئیتر ئێمەش لە "مۆڕەی عەبا بەسەرەکان ناترسێین،" لە "هەڕەشەو چەمۆڵەی مێزەرو لەچکی تەمەن هەزار ساڵ ناترسێین"، لە "سێبەری خورافات و بۆڵەبۆڵی شێرە ریش ژەنگاوییەکان ناترسێین" چونکە پڕین لە رووناکی، پڕین لە باران.




# کە ئاگری زامەکانم دائەگیرسێن

هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران

(١)

به ژمارەی ئەستێرەکان
نهێنییەکان لە ناو دڵتا گینگڵ ئەدەن ...!
لەگەڵ هەناسەی رۆژگاردا...
گشت (رازەکان)
لە گوێ جۆگەلەی خوێناوتا چرۆ ئەکەن ...!
تۆ ئەڕۆیت و هەنگاوەکان
سێبەرەکەت ئەپێچنەوە...
تۆ ئەڕۆیت و
شەقامەکان ناوچاوانیان گرژ ئەکەن...!
هەنگاو بە سەر،
شەقامی سووتاوتا ئەنێی...
شەقام جەرگی بۆتە قەقنەس...!
پێ هەڵئەگری، شوێن پێکانت
لە سەر روخساری خۆڵەمێش
گوڵ دەرئەکەن
(گوڵ تاجی گڕ لە سەر ئەکا..
خوێن بولبولەو بۆی ئەخوێنێ) (*)

(٢)

به گەورەیی ئەم گەردوونە
خەمی هەموو کوردستانت لە کۆڵ ناوە
بۆ کوێ ئەڕۆیت...؟!
بۆ کام وڵاتی غەریبی سەر هەڵ ئەگری...؟!
مەڕۆ..مەڕۆ
لێرانە بی، کەشە هەوری ئەو کوێستانە
ئەبێتە هەوری پڕ باران
لێرانە بی، چوار وەرزی ساڵ
نوقڵە بارێ بۆ مناڵان
لێرانەبەو ئەوە چەقۆی دەمەساوی زامەکانم
جەرگی شەوی پێ هەڵدڕە...
لێرانەبەو ها نهێنیی زامەکانم..!
بۆت دەربڕم،

(٣)

کلۆڵیمە،
یاخود ناوی نیشتمانەکەم ئەگۆڕن..!
یاخود بارگەی کۆچی تۆیە ئاوا ئەبێ..
یا ئاگری زامەکانمە دائەگیرسێ..!
گێژەلۆوکەی تووڕەبوونیان
کێوو شاخ ئەدا بە یەکداو
ئەم زەمینە ئەهەژێنێ..!

(٤)

لەگەڵ تووڕە بوونی تۆدا
شەپۆل گریاو شەپۆل تۆرا
لەگەڵ یاخی بوونی تۆدا
ماسییش یاخی بوو لە تۆڕا..!
سەنگەرەکان وەك چاوی شاعیر گڕ ئەگرن
دامەنم سوور بووە لە خوێناو شەلال ئەدا
هۆ سەرگەردانی باڵآت بم
ئەم کۆچەت بەرەو کام هەوار..؟!
مەڕۆ با پێکەوە هەردوو
ببینە دوو دڵۆپە بارانی وێڵ و
بەم خاکەدا بچینە خوار..!
مارتی ١٩٧٨

(*) دێڕێکی شێرکۆ بێکەسی شاعیرە



# لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی شێعری ناوچەی موکریان




"شێعری ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم" ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی درێژی دوکتور عوسمان دەشتی‌یە کە بەم دواییانە لە توێی کتێبێك هەر لە ژێر ئەم ناوەدا، لە لایەن مەڵبەندی کوردۆلۆجی‌یەوە، چاپ و بڵاو بۆتەوە.

ئەم لێکوڵینەوەیە، نامەی دوکتورای مامۆستا عوسمان دەشتی‌یە. عوسمان دەشتی نامەی ماستەرەکەشی لە بارەی شێعرو نووسینەکانی یەکێك لە شاعیرانی موکریان، مامۆستا هێمن موکریانی‌یە. نامەی دوکتوراکەشی لە راستی‌دا درێژەی لێکوڵینەوە لە بارەی شاعیرانی دەڤەری موکریانە.

"شێعری ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم"، لە پێشەکی‌یەك، پێنج بەش، ئەنجام، کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی و سەرچاوەکان پێك هاتوە.

بەشی یەکەم: ناوچەی موکریان و شوێنی لە رووناکبیریی کوردی‌دا

بەشی دووهەم: شاعیرانی ناوچەی موکریان، نیوەی یەکەمی سەدەی بیست (مەلا مارفی کۆکەیی، ئەبولحەسەنی سەیفی قازی، قازی زادە مستەفا شەوقی)

بەشی سێهەم: زمان و شێوازو وێنەی شێعری

بەشی چوارەم: بنیات و ئاوازی شێعری

بەشی پێنجەم: مەبەست و ناوەرۆك لە بەرهەمی شێعری شاعیرانی ناوچەی موکریان

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 517 22Aug 2009



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "پێنووس"، وێبلاگێکی کلتووری و کۆمەڵایەتییە کە ئەحمەد غولامی کارناسی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ باس و شیکردنەوەی دیاردەکانی ئەم لکانەی تایبەت تەرخانی کردوە.

وێبلاگنووس لەم لاپەرە ئێلکترۆنییە دا زۆر زانستیانەو بە قووڵی لە سەر دیاردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان دەدوێ و شرۆڤەو راڤەی خۆی لە بارەی رێبازەکان دەخاتە روو.

زۆر بابەتی بەنرخی وەك: ژن و عەقڵی نێرینە، زمانناسی و تیۆری دەروون شیکاری لاکان، بزووتنەوەی خوێندکاری و گوتاری سێکس، تالێس، دولت مذاکرات و مقاومت، قوتابخانەی ئێلئایی پارمێنیدیس، "ئارەزوو و عەزاب" خوێندنەوەی کێشەی مەهاباد گەلاوێژی ٨٤، نیگارە سووررێئالیستەکان لە ئەدەبی منالاًنداو هێگێل و مارکس: سیاسەتی بنەماشکێنی لەم وێبلاگە دا دەبینرێن.

هەروەها نوێترین بابەتی ئەو وێبلاگە لە ژێر ناوی "مافی مودێرن" دا، باسێکە لە سەر روانگەی رۆسۆ لە بارەی ماف. نووسەر لەم بابەتە دا روانگەی رۆسۆ لە سەر مافی گشتی و مافی تاك لێك دەداتەوەو دەچێتە سەر ئیرادەی گشتی و سەرچاوەی قانوون و مافە مەدەنییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

خوێنەرانی بەرێز بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن:

/http://www.penos.blogfa.com

## ئاپیرون
### فەلسەفە/کومەلناسی



## ئارام تیگران گەورە هونەرمەندی بە رەچەڵەک ئەرمەنی ماڵاوایی لە ژیان کرد

ئارام تیگران هونەرمەندی پلەبەرزی بە رەچەڵەك ئەرمەنی لە دایك بووی شاری قامیشلووی رۆژئاوای کوردستان رێکەوتی ٨ ئاگۆست لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئاتێنی پێتەختی یۆنان بۆ هەمیشە چاوەکانی لە سەریەك داناو ماڵاوایی لە ژیان و هونەر کرد.

تیگرانی هونەرمەند سەدان گۆرانیی بە ئەرمەنی و کوردی چڕی و چەندین ساڵە بە وتنی گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕی خزمەت بە بزاڤی مافخوازانەی گەلی کورد دەکا.

بە وتەی خودی هونەرمەند، بنەماڵەکەی لە کارەساتی ژینۆسایدی گەلی ئەرمەن بە دەستی عوسمانییەکان لە لایەن بنەماڵەیەکی کورد داڵدە دەدرێن و پاشان بەرەو قامیشلووی رۆژئاوای کوردستان پەرەوازە دەبن. ئارامی هونەرمەند لەم شارە لە دایك دەبێ و بە خۆی و بنەماڵەکەی بە جۆرێك ئۆگری فەرهەنگ و گەلی کورد دەبن کە چارەنووسی خەلکەکەی خۆیان و تەنانەت ئازادیی گەلی ئەرمەن لە ئازادیی نەتەوەی کورد دا دەبینن. هەر بۆیە دوای کۆچی دوای ناوبراو بنەماڵەکەی داوایان کرد تەرمەکەی لە قامیشلوو یان ئامەد بە خاك بسپێردرێ.



## عەلی خەندان گۆرانیبێژی نەتەوەیی کورد کۆچی دوایی کرد

عەلی خەندان گۆرانیبێژی نەتەوەیی و خۆوێژو نوکتەزانی ناوداری کورد لە تەمەنی ١٢٥ ساڵی دا شەوی شەممە ٨ی ئاگۆست بە هۆی نەخۆشیی درێژخایەنی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. مامۆستا عەلی خەندان کە بە تەمەنترین گۆرانیبێژی نەتەوەیی کورد بوو بە درێژایی تەمەنی بە چالاکی و خزمەت بە گۆرانی و خۆوێژی و بەستەو ئاوازی رەسەنی کوردەوە سەرقاڵ بووو ناوناوبانگ و کەسایەتییەکی بەرزی لە نێو خەڵکی بۆکان و موکریان پێك هێنا. هەروەها ناوبراو جگە لە گۆرانی و رازاندنەوەی شایی و زەماوەندەکان بە ورد بوونەوە لە رووداوە کۆمەڵایەتی و هونەری و هەموو بابەتەکان، پەیامی خۆی بە تەنز و بە رواڵەت پێکەنینی دەردەخست.

## جیهانی فیلمی کوردی لەم چەند حەوتوویەی رابردوودا






فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە بۆکان کە بۆ ماوەی دوو رۆژو بە بەشداریی ٥١ فیلمی کوردی لە سەرجەم شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوە چوو، کە لە ئاکام دا بە بەخشینی خەڵات بە هێندێك لە سینەماکاران کۆتایی پێ هات.

لە فیستڤاڵی ناوچەیی ساوالان دا کە ١٨ی ئاگۆست بە بەشداریی بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان لە شاری ئەردەوێل دەستی پێ کرد سینەماکارانی کورد چەندین خەلاتی گرینگی ئەو خولەی فیستیڤاڵەکە بە دست دەهێنن.

چوارەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مەنچستێر بە پیشاندانی فیلمی "سرتە لەگەڵ با" دەستی پێ کرد. ئەم خولە لە فیستیڤاڵەکە بە بەشداری چەندین بەرهەمی سینەماکارانی کورد و ئورووپایی لە سێ بەشی فیلمی بلیندی سینەمایی و دیکۆمێنتی و کورتە فیلم دا لە رۆژی ١٦ی ئاگۆست کۆتایی پێ هات.

هەروەها چەند فیلمی کوردی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئۆستراليا، فیلمی "بادبادکها پاکدامنی نمیدانند" لە فێستیڤاڵی کۆسۆڤۆ، کورتە فیلمی "تورقە" لە فیستیڤاڵی سارایيڤۆ،لە بەشی کێبڕکێی نێودەوڵەتیی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی "کۆرتۆپۆتێرێ" Corto Potere لە ولاتی ئیتالیاو پێنج کورتە فیلمی سینەماکارانی کورد لە بەشی کێبڕکێی پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی کوێستان "mountain" لە ولاتی پۆلەندا پێشان دەدرێن.



## چارەنووس




**(باسێك لەسەر رەچەڵەك و لك و پۆپەکانی بنەماڵەی قاسملوو)**

لەژێر ئەم ناوەی سەرەوەدا هاوینی ئەمساڵ کتێبێك لە نووسینی دوکتۆر حەسەن شەتەوی، لەلایەن چاپخانەی رۆژهەڵاتەوە چاپ و بڵاو بۆوە. نووسەر کە بۆ خۆی یەکێکە لە بنەماڵەی قاسملوو، رەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە دەباتەوە سەر فەرمانڕەوایانی موکری. هەر بۆیە بەشی یەکەمی کتێبەکەی بۆ کورتەیەك لە مێژووی موکریان، فەرمانڕەوایانی موکری ) و عەشیرەتی موکری تەرخان کردوە. بەشی دووهەم تەرخان کراوە بۆ باسی بنەماڵەی قاسملوو و رەچەڵەك و لك و پۆپەکانی. لە بەشی سێهەم دا پاشکۆی بەڵگەنامەکان، لە بەشی چوارەم دا، سەرچاوەکان و لە بەشی پێنچەمی کتێبەکەدا وێنەکانی بنەماڵەی قاسملوو سەرنج رادەکێشن. ئەم کتێبە زۆر زانیاریی بەنرخی لە بارەی یەکێك لە بنەماڵە گەورەکانی کوردو کەسایەتییەکانی ئەو بنەماڵەیە تێدایە.




**بەر لەماڵاوایی**

# بەیادی شەهیدانیهاوینی ١٣٨٧

**ع. وریا**

گیانبەخت کردن لە پێناوی ئامانجی بەرزو پیرۆز، نەمریی لێ دەکەوێتەوە. ئەم گیانبەختکردنە لێرە لە کوردستان بێ یا لەو پەڕی دنیا، بۆ رزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی بێ یا بە دژی چەوسانەوەی چینایەتی یا رەگەزی، فەرق ناکا.گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئاگایانە رێگای خەبات بە دژی ستەم و نابەرامبەری و زۆرداری هەڵ بژێرێ و ئامادە بێ لە پێناوی دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ مرۆڤەکانی دیکەدا، لە ژیان و گیانی خۆی مایە دابنێ. گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆریان لەم جۆرە نەمرانە لە داوێنی خۆیان دا پەروەردە کردوە.

دەکرێ بڵێین هەرکام لە شەهیدانی گەلەکەمان و حیزبی ئێمە یا بە دەربڕینێکی دیکە، شەهیدانی هەر قۆناغێك لە خەبات و تێکۆشان، رۆڵی خۆیان هەبووە لە بەرگری لە مانەوەو بەردەوامیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی دا. شەهیدانی دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە سەرنجدان بە کۆمەڵێك هۆکار و تایبەتمەندیی هەلومەرجی تێکۆشانیان و کاریگەریی شەهیدبوونیان لەسەر رەوتی خەبات و هەست و بیری خەڵك، جێگایەکی تایبەتیان لە ریزی شەهیدانی ئەم حیزبە و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە.

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان محەکێك بوو بۆ سەلماندنی وەفا کردن بە عەهد و بردنە سەرو جێبەجێکردنی ئەو وادەو بەڵێنانەی ئەم حیزبە لە ساڵێك پێشترەوە بە ئەندامانی خۆی و خەڵکی کوردستانی دابوون. توندوتۆڵکردنەوەی پێوەندی و تێکەڵاویی حیزب لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و چالاك کردنەوەی تێکۆشانی حیزبی و ئامادە بوونی تێکۆشەرانی حیزب لە نێو قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەو بڕیارو راسپاردانە بوون کە کۆنگرە پێی لەسەر داگرتبوون، هێشتا دوو مانگ بە سەر ئەم بڕیارەدا تێنەپەڕیبوو کە سەدان تێکۆشەری لاوی حیزب و لە پێشەوەی ئەوان ئەو کادرو فەرماندە بە ئەزموونانەی دەیان ساڵ لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ئەرکی خەباتگێڕانەیان بەڕێوە بردبوو، ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کۆنگرەو شادبوونەوە بە ئامێزی دایکی نیشتمان دەربڕی. بە زوویی لەم هێزە بەبیرو باوەڕو گیان لەسەر دەستە، تیمی جۆراوجۆر بۆ کاری سیاسی و هەڵسووڕان لە نێو ناوچە جیاوازەکان دا، رێك خران.

پێشوازییەك کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان کرد، لە گێڕانەوە نایە. ئەمەش ئەگەر لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیی ئەم حیزبە و ئاشنایی و تێکەڵاویی خەڵك لەگەڵ رابردووو ناووناوبانگی بەشێکی بەرچاو لەو تێکۆشەرانە، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی بەم راستییەوە بوو کە ئەوان زیاتر لە دەیەیەك بوو رۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان ئاوا بە پۆل و بەم لێبڕاوی و هیوادارییەوە نەدیبوو. ساڵانێك بوو شایەدی مەیدانداری و ستەم و سووکایەتی و هەڕو گیڤی پاسدارو جاش و بەسیجی بوون کە دیارنەبوونی پێشمەرگەیان بە دەرفەت زانیبوو و لە کوشتن و تاڵان و ئازارو ئەزیەتی خەڵك دەستیان نەپاراستبوو. ئەو خەڵکە حەقیان بوو بەو رۆڵانەی خۆیان بنازن کە جەرگی تاریکییان شەق کردبووو دڕیان بە سام و هەیمەنەی رێژیمێکی دڕندەی پڕچەك دابووو لە قووڵایی نیشتمانی تەنراو بە پادگان و هێزی نیزامی و بەسیجی و بەکرێگیراودا، هاتبوون تا لە نێو بەندی گوندەکان، لە چەندسەدمیتریی شارەکان و لە بەرزایی چیاکان را بە دەنگی بەرز مژدەی بەردەوامیی خەبات و بووژانەوەی حیزبی دێموکرات و نزیکبوونی ئاسۆی رزگاریی وڵاتیان پێ رابگەیەنن.

ساڵی ١٣٨٧، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەلماندی کە هەرکات ئیرادە بکا، دەتوانێ لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە پێویستی بزانێ، حوزووری فیزیکیی هەبێ. کادرو پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەش سەلماندیان کە هەرکات حیزبەکەیان چوونەوە نێوخەڵك و تێکۆشان لە قووڵایی کوردستانی میلیتاریزەکراوی لێیان بوێ، گیان لەسەر دەست و سەرلەپێناون. خەڵکی حیزبدۆست و پێشمەرگەپەروەری رۆژهەڵاتی کوردستانیش جارێکی دیکە نیشانیان دایەوە کە وەك هەمیشە یارو یاوەری پێشمەرگەو پەناو پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

لە رەوتی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ساڵی رابردووی رۆڵەکانی دێموکرات لە قووڵایی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوو رووداودا، حیزبی ئێمە کۆمەڵێك تێکۆشەری بەنرخی لە دەست دان. لە ٥ی پووشپەڕ، لە نێو شاری سەقز هاوڕێیان شێخ غەریب حەسەنی و کەماڵ شەریفی لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە گەمارۆ دران.لەم رووداوەدا شێخ غەریب، تێکۆشەری دێرین، شەهید بووو کەماڵ شەریفییش گیرا. لە ٢٣ی گەلاوێژیشدا، تیمێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب کە لە ناوچەکانی رەبەت و سەردەشت دەگەڕانەوە لە نزیك گردێنە لە کەمین کەوتن. لە یەکەم دەستڕێژدا فەرماندەی ناسراوو قارەمانی دەیان شەڕی بەناوبانگ لەگەڵ هێزەکانی رێژیم، هەمزە سارتکەیی گیانی لە دەست دا. هەر لەم تێکهەڵچوونەدا، پێشمەرگەی قەدیمی، قادر نەزمی و پێشمەرگەی لاو، قادر قادری شەهید بوون. مەرگی ئەو پۆلە لە رۆڵەکانی دێموکرات، وەك تێکۆشانی لە خۆبردووانەیان لە قووڵایی خاکی وڵات-دا، رێزو خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ لای ئەوان و حیزبەکەیان راکێشایەوە. خەڵکی کوردستان بۆ لە دەستدانیان ماتەمبار بوون و بەم بۆنەیەوە لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدەکان و لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاودەردی و هاوخەمییان دەربڕی.

ئەم پۆلە شەهیدە بە قیمەتی بەختکردنی گیانی خۆیان، بەڵێن و وادەکانی حیزبەکەیان و راسپاردەو بڕیاری کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان جێبەجێ کرد. لەمەش زیاتر ئەوان بە مەرگی خۆیان، کوردستانی بندەستیان راتڵەکاندو نەوەی نوێی نەتەوەکەیان بە جۆرێکی دیکە لە ژیان و مردن ئاشنا کرد. ژیان بە سەربەرزی لە سەنگەری تێکۆشانداو، مردن لە پێناوی ئازادیدا. مردنێك کە نەمریی مرۆڤەکەو هەستانەوەی نەتەوەکەی لێ دەکەوێتەوە.

لە بیرەوەریی بەکساڵەی شەهیدبوونی ئەم پۆلە لە خەباتکارانی رێی ئازادیدا، سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین، جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو ئازیزان و هاوسەنگەرانیان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە دەدەین.